Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# شیکردنەوەی جوگرافیی شارنشینی لەقەزای کۆیە لەنێوان ساڵانی (١٩٥٧ – ٢٠٢٠) لێکۆڵینەوە لە جوگرافیای شار

**ڕۆژان کامران کریم[١] - کامران طاهر سعید[٢]**

[١+٢] بەشی جوگرافیا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی دانیشتوانی جیهان زیاد دەکات بەهەمان شێوەش ژمارەی دانیشتوانی شارەکان زۆرخێرا گەشەدەکات بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەمەش ئەنجامی چەند هۆکارێکە ئەم دیاردەیەش بەبەشێک لە ڕواڵەتەکانی شارستانی جیهانی نوێ دادەنرێت، هەروەها بە بەشێکی گرینگ بۆ گەشەی شارەکان دادەنرێت. دواتر کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی دەبێت بۆسەر شارەکان، ناوچەی لێکۆڵینەوەش وەک شارێک ڕووبەڕوی ئەم دیاردەیە بۆتەوە هەستی پێدەکرێت، لەسەرەتای دروستبونی شارەکە تاکو ئێستا، بەشێوەیەک ناوچەی لێکۆڵینەوە لە (٦) یەکەی کارگێڕی پێکهاتوە ئەوانیش: (ناحیەی سەنتەر، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی شۆڕش، ناحیەی ئاشتی، ناحیەی سکتان، ناحیەی سێگردکان) ژمارەی دانیشتوانیش دەگاتە (١٤٨٨٥٢) کەس ڕێژەی گەشەی شارنشینی دەگاتە (٥،١٪)، ڕووبەری دەگاتە (٢٠٦٩)کم٢. پێدەچێت لەداهاتودا بەردەوام ئەم گەشەکردنە زیاتر بێت و شوێنەواری خۆشی بەجێدەهێڵێت. ئەم لێکۆڵینەوە لە سێ تەوەر پێکهاتوە، تەوەری یەکەم: ناساندنی ناوچە و چەمکەکانی لێکۆڵینەوە باس دەکات، لەتەوەری دوەم: گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگشتی باسکراوە، لەتەوەری سێیەم: هۆکارەکانی گەشەی شارنشینی کە بریتین لە (هۆکاری سروشتی، هۆکاری مرۆیی) باسکراوە.

**کلیلە وشەکان:** شار، شارنشینی، گەشەی شارنشینی، گوند، بەگوندبون.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13
**Received:** 07- November -2021
**Accepted:** 20-December-2021
**Published:** 29-June-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
Rozhan.Kamran@koyauniversty.org
kameran.taher@koyauniversty.org
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

لە ئێستادا جوگرافیای شار بەبابەتێکی نوێ و گرنگ دادەنرێت. بەم هۆیەش شارەزایانی ئەم بوارەی بەخۆی سەرقاڵکردوە، دەتوانرێت چەندەها لێکۆڵینەوەی جیاوازی لەبارەوە بکرێت. دیاردەی بەشاربون و زیادبونی شارنشینی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی ڕابردو کاتێک زۆربەی خەڵکی گوندەکان کۆچیان بۆ شارەکان کرد سەرەڕای زیادبونی خزمەتگوزاری لەشارەکان هاوکاربوە بۆ ڕاکێشان و زیادبونی دانیشتوان.

### گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

زیادبونی گەشەی شارنشینی شارەکان بەبەشێکی گرنگی دنیای پێشکەوتن دادەنرێت واتە بۆ بەشاربون شتێکی باشە بەشێوەیەک پلان داڕێژراو سودلێوەرگیراوبێت، چونکە جیهان بەرەو بەشاربون دەڕوات

## گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

گرفتەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دوابەدوای زیادبونی گەشەی شارەکان ژمارەیەک کێشە لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت دەبێتە ڕێگر لەبەرەو پێشچونی شارەکان و ئاستەنگ دروستدەبێت، حکومەت و دانیشتوان ناتوانن بەسەریان زاڵبن، چونکە لەگەڵ زیادبونی دانیشتوان ژمارەی کێشەکان زیاددەکات وەک (تەقینەوەی دانیشتوان، بەگوندبونی شارەکان، فراوانبونی بێسەروبەری شارەکان و هێرشی بۆ سەرگوندەکانی دەوروبەری، لەناوچونی زەوییە کشتوکاڵییەکان، کەمبونەوەی خزمەتگوزارییەکان، دروستکردنی گەڕەکی بێپلان وزیادەڕۆ (تجاوز)، دروستبونی کێشەی کۆمەڵایەتی وئابوری...هتد). ناوچەی لێکۆڵینەوەش وەک بەشێک لەشارەکانی جیهانی سێیەم توشی ئەم کێشانە دەبێتەوە.

## گرفتی توێژەر:

١-نەبونی داتای پێویست بەتایبەت داتای خزمەتگوزارییەکان.
٢-یەکنەگرتنەوەی داتاو ژمارەکان لە ساڵە جیاوازەکان.

## هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:

١-زیادبونی گەشەی شارنشینی شارەکان لەئێستادا دیاردەیەکی سەردەمی شارەکانی جیهانە.
٢-ئەم دیاردەیە زۆر بەڕونی لەناوچەی لێکۆڵینەوە هەستی پێدەکرێت لەبەرامبەردا گەشەی گوندنشینان کەمدەکات.
٣-لەداهاتو ئەگەر ڕێگری لێنەکرێت ئەوا ناوچەکە توشی چەندین گرفتی تردەبێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

**یەکەم:** زانینی ئەوگۆڕانکاریانەی کە لەڕێژەی شارنشینی لەناوچەی لێکۆڵینەوە ڕویداوە.

**دوەم:** زانینی هۆکارەکانی ئەم گەشەکردنە چ سروشتی بێت یان مرۆیی.

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

پشتمان بەستوە بەمیتۆدی (شیکردنەوەی شوێنی– التحليل المكاني)، شیکردنەوەی وەسفی.

**پلانی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە لەسێ تەوەر پێکدێت:

**تەوەری یەکەم:** ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوەو چەمک و زاراوەکان.

**تەوەری دوەم:** زیادبونی شارنشینی لەناوچەی لێکۆڵینەوە.

**تەوەری سێیەم:** هۆکارەکانی زیادبونی شارنشینی.

## تەوەری یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوەو چەمک و زاراوەکان

### ١–١: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

قەزای کۆیە یەکێکە لەقەزا گرنگ و بەناوبانگەکانی پارێزگای هەولێرو هەرێمی کوردستان و عێراق، دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەلاتی ئەم پارێزگایە. ئەم قەزایە دەکەوێتە نێوان هەر سێ پارێزگای (هەولێر – سلێمانی – کەرکوک)، بەم جۆرە ناوچەی لێکۆڵینەوە شوێنێکی ناوەندیی گرنگی هەیە لەنێوان هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان. لەڕوی ئەسترۆنۆمیەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانی (٣٥،٤٩ ° ٣٦،١٦–°)ی باکورو هەردو هێڵی درێژی (٤٤ ،٥٨ ° –٤٤ ،١٥ °) ڕۆژهەلات نەخشەی (١). هەروەها (٦١٠م) لەئاستی ڕوی دەریاوە بەرزە. هەریەک لەناحیەکانی (هیران و سەلاحەدین)ی، سەربەقەزای شەقلاوە لە پارێزگای هەولێر لەبەشی باکوری دان، ناحیەی (خەلەکان) سەبەقەزای دوکان و ناحیەی حاجیاواو بێتواتەو چوارقورنە سەر بەقەزای ڕانیە لە ڕۆژهەلات و باکوری ڕۆژهەلاتیدا هەلکەوتون، بەلام لەبەشی باشوریدا لەگەڵ ناحیەی (ئاغجەلەر)ی سەر بەقەزای چەمچەماڵ و ناحیەی (شوان) سەر بەپارێزگای کەرکوک هاوسنورە، لە ڕۆژئاواو باکوری ڕۆژئاوایدا لەگەڵ ناحیەکانی (کەسنەزان و دارەتو قوشتەپە)ی سەربەقەزای دەشتی هەولێر هاوسنورە، نەخشەی (٢) سەبارەت بەڕوبەری قەزاکە لەسەیرکردنی خشتەی(١)، لەنێوان سالانی (١٩٥٧– ٢٠٢٠) گۆڕانی زۆری بە سەرداهاتوە، ئەمەش لەئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە بەسەر کوردستاندا هاتوە لەساڵی (١٩٥٧) ڕوبەری قەزاکە بریتیبو لە (١٩٨٤)کم٢ کەتەنها لە دو یەکەی کارگێڕی پێکدەهات، ئەویش ناحیەکانی (سەنتەرو تەقتەق)، بەلام لە ساڵی (١٩٦٥) ڕوبەری قەزاکە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

گەیشتە (١٩٣٧)کم٢، لە ساڵی (١٩٧٧) ڕووبەری قەزاکە فراوان دەبێ و دەگاتە (٢٠٦٤)کم٢، لەساڵی (١٩٨٧) ڕووبەری قەزاکە بچوک دەبێتەوە بۆ (١٩٩٤)کم٢، ئەمەش لەئەنجامی گۆڕینی هەردو ناحیەی (تەقتەق و شۆڕش) بۆ گوندو تەنها ناحیەی سەنتەر مایەوە، بەڵام دواتر ساڵی (١٩٩١) لەدوای ڕاپەڕین و ئازادکردنی کوردستان جارێکی تر شاری کۆیە دەکرێتەوە (قەزا) و هەردو ناحیەی (تەقتەق و شۆڕش) گەڕانەوە سەر قەزای کۆیە، هەروەها لەساڵی (١٩٩٩) ناحیەی (ئاشتی) بڕیاری دروستکردنی دراو خرایە سەر قەزای کۆیە، بەم جۆرە ڕووبەری قەزاکە فراوان دەبێ تا لەساڵی (٢٠٠٢) گەیشتە (٢٠٥٢)کم٢و لەچوار یەکەی کارگێڕی پێکهاتوە ئەوانیش (ناحیەی سەنتەر، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی شۆڕش، ناحیەی ئاشتی) بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠) ڕووبەری دەگاتە (٢٠٦٩)کم٢ لەشەش یەکەی کارگێڕی پێکهاتوە ئەوانیش: (ناحیەی سەنتەر، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی شۆڕش، ناحیەی ئاشتی، ناحیەی سێگردکان، ناحیەی سکتان).

**خشتەی ژمارە (١)**

**ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کۆیە لە نێوان ساڵانی (١٩٥٧ – ٢٠٢٠)**

| ساڵ | ڕووبەر کم٢ | یەکە کارگێڕییەکان |
|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١٩٨٤ | سەنتەر – تەق تەق(١) |
| ١٩٦٥ | ١٩٣٧ | سەنتەر – تەق تەق (٢) |
| ١٩٧٧ | ٢٠٦٤ | سەنتەر – تەق تەق – شۆڕش (٣) |
| ١٩٨٧ | ١٩٩٤ | سەنتەر (٤) |
| ٢٠٠٢ | ٢٠٢٥ | سەنتەر – تەق تەق – شۆڕش – ئاشتی (٥) |
| ٢٠٢٠ | ٢٠٦٩ | سەنتەر – تەق تەق – شۆڕش – ئاشتی –سێگردکان – سکتان (٦) |

سەرچاوە:(١)وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام(١٩٥٧)، لوائی موصل وأربيل، مطبعة الارشاد، بغداد، جدول (٢)، ص٢٠٢

(٢) وزارة التخطيط، الجهاز المركزی للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة (١٩٦٥)، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، (١٩٧٣)،جدول (١)،ص٩.

(٣) وزارة التخطيط، الجهاز المركزی للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية (١٩٧٧)، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، جدول (١ / ٥)، ص (٣٢ – ٣٣).

(٤) وزارة التخطيط، الجهاز المركزی للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية (١٩٨٧)، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٨٨، ص٢٨.


(٥)سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون بەڕێوەبەرایەتی (ئاماری هەولێر) ساڵی (٢٠٠٢).

(٦) وەزارەتی شارەوانی، سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە، ٢٠٢٠.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

**نەخشەی ژمارە (١) شوێنی قەزای کۆیە لەپارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر، 2020.

نەخشەی ژمارە (٢) یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کۆیە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەبەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر، 2020



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

## ١-٢: ناساندندنی چەمک و زاراوەکان

**١-شار (المدينه– City):** هەندێ لەتوێژەران بنچینەی وشەی شار بۆ وشەی (دين) دەگێرنەوە لەبنەڕەتدا وشەیەکی سامیە (الجواهي،١٩٨٨،ص٢٠٧) زۆر لە پسپۆران گرنگیان بەدیاریکردنی مانای شارداوە وەک جوگرافیناسان و مێژونوسان و ئابوریناسان و...هتد، پێناسەکردنی شارکارێکی قورسە چونکە تاوەکو ئێستا جوگرافیناسان و ئەوانەی لەشار دەکۆڵنەوە ڕێکنەکەوتون لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە پێناسەیەکی تەواو بۆ شارەکان دابنرێت بەهۆی ئەو تێکەڵاویەی لەنێوان شارو لادێکان هەیە کە لێرەدا چەندین پێناسەی جیاواز دەخەینەڕو:

– (**ئیبن خەلدون**) بەدەربڕینێکی سادە وتویەتی (شار شوێنی نیشتەجێبونە) بەڕای (**ئەرستۆ**) شار ئەو شوێنەیە کە مرۆڤەکان کارەکانیان تێدا ئەنجام دەدەن.(حمدان، بدون سنه طبع، ص ٥ – ٨)

– **شار:** بریتییە لەگردبونەوەی دانیشتوان بەشێوەی جیاواز، لەسەر پارچە زەویەکی دیاریکراو دەژین کە دەکەونە ژێر کاریگەری شارستانی و شارنشینی، کەخەڵکەکەی بەپیشەی پیشەسازی و بازرگانی و وەزیفەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەوە خەریکن(القباني، ٢٠٠٧، ص٥).

– **شار:** لەلایەن (د.جمال حمدان) چەند شێوازێکی بۆ دیاریکردوە، جێگیربونی دانیشتوانە یان شوێنی نیشتەجێبونە یان شار بریتییە لە بونەوەرێکی زیندو بەردەوام لەگەشەکردن دایە، بەڵام ئەم پێوایە گوندەکانیش شوێنی نیشتەجێبونن هەربۆیە (٥) پێناسەی بنەڕەتی بۆ شار ئەنجام داوە، کە هەم وەک پێوەرێکیش بۆ جیاکردنەوەی لە گوندەکان دەبینرێت وەک پێناسەی (ئاماری، کارگێڕی، مێژویی، ئابوری، مۆرفۆلۆجی، پیشەیی) (حمدان، بدون سنه طبع، ص٥) پەیدابون و زیادبونی خێرای شارنشینی و فراوانبونی و زیادکردنی شارەکان و ئاوەدانی بوە هۆی ئەوەی ئەم دیاردەیە بەشۆڕشی شارنشینی ناوبنرێت، یاخود تەقینەوەی شارنشینی ئەم دیاردەیە بەڕونی لەهەرێمی کوردستانی عێراق دەبینرێت، لەناوچەی لێکۆڵینەوە شارنشینی(٨٢،٢٪) (ئاماری کۆیە،٢٠٢٠) لەعێراقیش لەیاسای ژمارە (١٦٥)ی شارەوانی ساڵی(١٩٦٥) پێناسەی بنکەی شارنشینی لەعێراقدا بەوە کردوە کە سەنتەرێکی کارگێڕییە سەر بەیەکەیەکی کارگێڕییە بێ لەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان یاخود بریتییە لە کۆبونەوەی مرۆڤ کە ژمارەی دانیشتوانەکەی لە (١٠٠٠) کەس کەمتر نییە. (زێباری، ١٩٩٨، ل٢٩٨). کەواتە شار شوێنی نیشتەجێبونی شارنشینەکانە بەچەند پێوەرێکی جیاواز لەگوندەکان جیادەکرێتەوە.

**٢- شارنشینی (الحضر–Urban):** لەفەرهەنگی (لسان العرب) وشەی (حضر و حاضره) بەپێچەوانەی وشەی (بادیه) هاتوە، کە (حضر) خەڵکەکەی لەخانوەکان نیشتەجێبون و ماونەتەوە، بەڵام (بادیه) خەڵکەکەی کە پێیان دەوترێت (البدو) لە چۆڵەوانیدا دەژین لە کۆچ ڕەودان و شوێنی نیشتەجێبونیان نییە، هەروەها (ابن خلدون) جیاوازی کردوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

لەنێوان (بادیە)، (حضر)دا پێیوایە (البدو) بناغەی ئاوەدانین، ئەوانە بەپێویستییە سەرەکییەکان ڕازین کەچی (حضر) بایەخ بەپێویستی لاوەکی و خۆشگوزەرانی دەدات (محمد،١٩٩٩،ل١٩) کەواتە:

**شارنشین**: بەواتای ئەو خەڵکانە دێت لەسەنتەری شارەکان نیشتەجێن لە چەند ڕویێکەوە کە جیاوازن لە خەڵکی لادێکان جیادەکرێنەوە وەک (ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری...هتد) (محمد،١٩٩٩،ل١٩) کەواتە شارنشین بریتییە لەو دانیشتوانەی کە نیشتەجێن لەو شوێنانەی کە دەکەوێتە ناوچەو ژێر پۆلێنکاری سەنتەری شارنشینی یاخود چەند بنەماو پۆلێنکاریەک بۆ چەمکی شارنشینی و جیاکردنەوەی لەلادێکاندا هەیە. زۆرجار زاراوەی شارنشینی دو زاراوەی تری لەگەڵدا دەبێت کە زۆرجار لەبواری جوگرافیای شار بەکاریدەهێنێت کە ئەمەش (گەشەسەندنی شارنشینی) و (پلەی شارنشینی).

- **گەشەسەندنی شارنشینی:** واتە زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی شارە کەواتە هێمایە بۆ زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی شارە خاوەن قەبارە جیاجیاکان (نور، ١٩٧٠، ص ٥٧).

- **پلەی بەشاربون :** مەبەست لێرە ڕێژەی دانیشتوانی شارەکانە بۆ کۆی دانیشتوانی دەوڵەت یان هەر ناوچەیەکی دەوڵەت واتە ئاستی بەشاربون لە مێژویەکی دیاریکراو بەڕێژەی دانیشتوانی شارنشینی بۆ سەرجەم دانیشتوانی لەدەوڵەت پێوانە دەکرێ وەکو ئەم هاوکێشەی خوارەوە(زیباری، ١٩٩٨،ل ٢٩٦).

$$\text{پلەی بەشاربون} = \frac{\text{سەرجەمی دانیشتوانی شارنشینی}}{\text{سەرجەمی دانیشتوان}} \times ١٠٠$$

کەواتە جیاوازی لەنێوان گەشەسەندنی شارو پلەی بەشاربون ئەوەیە زیاد بونی ژمارەی دانیشتوانی شارە بەڵام پلەی بەشاربون بریتیە لە دانیشتوانی شار لەسەر کۆی دانیشتوان دواتر پلەی شارنشینی نەگۆر دەبێت و ڕێژەی گوندەکان بەرز ببێتەوە لە عێراق شارنشینی هەمو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کەژمارەی دانیشتوانیان لە ٥٠٠٠ کەس یان زیاتر بێت یاخود هەرشارێک یان ناوچەیەک سەنتەری کارگێڕی تێدا بێت یان شارەوانی ئەوە بە شار دادەنرێ. (محمد،١٩٩٩،ص١١٧)لێرەداهەموئەوپێناسەی کەباسکرالەسەر شارو شارنشینی کەشار دیاردەیەکی شارستانیە ئەوکەسانە دەگرێتەوە لەشارەکان نیشتەجێن بەچەند سیفەتێک لەخەڵکی گوندەکان جیادەکرێتەوە.

**٣- بەشاربون (التحضر-urbanization):** بەشاربون دیاریدەیەکی جیهانی شارەکانە، هەروەها تا ئێستا ڕێکەوتی کۆتایی لەسەر چەمکەکەی نەکراوەو بیروڕای جیاواز لەنێوان توێژەران و پسپۆران هەیە پێناسەی جیاواز بەپێی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

بابەت و پسپۆرییەکەیان بەرجەستە دەکەن، بەشاربون زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکانە بەهۆی کۆچکردن ڕودەدات لەسەر حسابی ژمارەی دانیشتوانی گوندەکان بۆ پێناسەی ئەم چەمکە چەندین پێناسە دەخەینەڕو کە ئەمانەن:

- **بەشاربون:** گواستنەوەی کۆتاییە لەلادێوە بۆشار، یان گۆڕانکاری کشتوکاڵکردن بەکاری پیشەسازی و بازرگانییەوە، هەروەها گۆڕانی شێوازی خوڕەوشتیانە بۆ تێڕوانینی ژیانیان. (محمد، ١٩٩٩، ص١٩)
- **بەشاربون:** بەڕای (C.LRedman) پێشکەوتنی بارودۆخی ژیانی شارستانیەتە لەئەنجامی زنجیرەک کارلێک کۆمەڵە هۆکارێک ڕودەدات.(شکری، ٢٠٠٩، ص١٩)
- **بەشاربون:** سێ مانای هەیە کە بریتین لەپرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی هەڵسوکەوتی دانیشتوانەوە، گۆڕانکاری ئابوری، لێرەدا بەشاربون واتە بونی پیشە جۆراوجۆر لەناوچەیەکی دیاریکراودا، هەروەها گۆڕانکاری دیمۆگرافی ئەمەش پرۆسەی گردبونەوەی دانیشتوانە (الهیتی واخرون، ٢٠٠٠، ص٣٠). کەواتە بەشاربون زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی شارەکانە سەرئەنجام زیادبونی ڕوبەری شارەکانیش ڕودەدات، هەروەها بەشاربون گۆڕانکارییە لەقۆناغی ژیانیان بۆ ژیانێکی پێشکەوتوتر، ئەمەش ئەنجامی چەند هۆکارێکە واتە گۆڕانکاری لەپێکهاتەی ژینگەی شوێنەکە ڕودەدات.

**٤-گوند(ریف—village):** گوند (ریف) لە وشەی (الراف)ەوە هاتوە بەواتای بەپیت و بەفەرکردنی شوێن یان شوێنێکی بەپیت و فەڕکراو. (محمد، ١٩٩٩،ل٢٠) گوند ئەو ئاوەدانیانەن کە بەر پێناسەی ڕەسمی شار ناکەون، واتە ئەو ئاوەدانیانەی کە لەسەنتەری یەکە ئیدارییەکان هەیە (پارێزگا، قەزا، ناحیە) ئەوا ژمارەی دانیشتوانیان دەگاتە (١٠٠٠٠) کەس (غفور،٢٠٠٠، ص٢٤٣) کەواتە گوند شوێنی نیشتەجێبونی گوندنشینانەو پێوەری جیاواز پەیڕەودەکرێت لەوڵاتان بۆ جیاکردنەوەی لەشارەکان.

**٥-بەگوندکردن (التریف-Ruralization)** : لە وشەی (الریف)ەوە هاتوە بەواتای بەپیتکردنی شوێنەکەو کشتوکاڵکردن تێیدا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە گوند بەکشتوکاڵکردن و بەپیت و فەڕکردنی شوێنەکە جێگربون تێیدا، کەواتە بەگوندکردن واتە گۆڕانی شوێنەکان بەرەو کشتوکاڵکردن و بەپیت و فەڕکردنی. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەشارنشینکردن و بەگوندکردن دو دەستەواژەن، کە لە هەردو وشە هێما بۆ ئەو شوێنانە دەکرێت کە دانیشتوان تیایدا جێگردەبن و تێیدا دەمێننەوە، کەوا گوندنشینان پیشەی سەرەکیان کشتوکاڵکردن و بەخێوکردنی ئاژەڵە یان ئەو کارانە پەیوەندی بەم پیشەوە هەیە. بەڵام دانیشتوانی شارەکان پیشەی سەرەکییان پیشەسازی یان بازرگانی و لایەنی خزمەتگوزاری گشتی کە لەشارەکان ئەم جۆرە کارانە باون(محمد، ١٩٩١،ل١١٧)، ئەم دیاردەیە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

لەزۆربەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بونی هەیە لەناو شارەکە ڕواڵەتی گوندی بەدیدەکرێت لەوانە کشتوکاڵکردن و ئاژەڵ بەخێوکردن یاخود هەڵسوکەوت و دابونەریتی کۆمەڵایەتی یاخود زۆرجار کاریگەری لەسەر مۆرفۆلۆجیای شار دەبێت بەگوندکردن خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

١. **ڕواڵەتی ئابوری**: وەک چالاکی کشتوکاڵکردن (ڕوەکی و ئاژەڵی) یاخود بڵاوبونەوەی فرۆشیارە گەڕۆکەکان.

٢. **ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی**: ئەوانەی هاتونە شار خاوەنی کۆمەڵێک دابونەریتی کۆمەڵایەتی بەخۆیان کە لەشار پەیڕەوی دەکەن دەیگوازنەوە بۆ شار.

٣. **ڕواڵەتی مۆرفۆلۆجیا**: لەڕوی ئاوەدانکارییەوە زۆربەی خانوەکان یاخود زۆربەی کات لە لێواری شار نیشتەجێدەبن بەشێوەی زیادەڕۆیی خانوەکانیان دروست دەکە کە نائاساییە لەئەنجامی گەشەی دیموگرافی و کۆچ یاخود هەندێکجار دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی پشتێنەی گەڕەکە هەژارنشینەکان کە لە ناوەڕاستی شارن یاخود لەلێواری شار (سعيد، ٢٠١٤،ص ٣٩٢ – ٣٩٤)، کەواتە بەگوندبون پرۆسەیەکە پێچەوانەی بەشاربون دیاردە شارستانییەکان دەخوات و دەیخاتە ژێر کۆنترۆڵی ڕواڵەتی گوندنشین چ لەناوخۆی یەکە شارستانییەکان بێت یاخود لەلێواری شارە ڕواڵەتەکان وەک (کۆمەڵایەتی، پیشەیی، مۆرفۆلۆجیا، ....هتد)

## تەوەری دوەم: زیادبونی شارنشینی لەناوچەی لێکۆڵینەوە

### ٢ – ١: گەشەی دیموگرافی دانیشتوان.

### ٢ – ٢: ڕەهەندی دیموگرافی شارنشینی لەقەزای کۆیە

### ٢ – ٣: ناوەندی شارستانییەکان بە پێی قەبارەیان

گەشەی دانیشتوانی قەزاکە بەگشتی مەبەست لەگەشەی گشتی دانیشتوان زیادبونی ڕێژەی دانیشتوان بەهۆی جیاوازی نێوان لەدایکبون و مردوان لەگەڵ پوختەی کۆچ (الخفاف والخرون، ١٩٨٦، ص٨٧) مەبەستیش لەکۆچ واتە ژمارەی ئەو کەسانە کە هاتون بۆ قەزاکەو لەگەڵ ئەوانەی کە لەقەزاکە ڕۆشتون. ئەوەی شایانی باسە لە ساڵی ١٩٤٧ یەکەم سەرژمێری فەرمی لە عێراقە کراوە، لە خشتەی (٢) بۆمان دەردەکەوێت، لەسەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) کۆی ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (٣٦١٤٧) کەس بوە سەرباری کەموکورتی زۆری سەرژمێریەکە کە خەڵک ترساوە وایان زانیوە بۆ ناونوسی سەربازیە یاخود بەمەبەستی وەرگرتنی باج زۆربەیان خۆیان ناونوسنەکردوە، لەم ساڵەدا ژمارەی شارنشینی قەزاکە (٨٩٣٢) کەس بوە واتە ڕێژەی لە (٢٤،٧٪) دانیشتوانی قەزاکە پێکهاتوە، بەڵام ژمارەی گوندنشینی قەزاکە (٢٧٢١٥) کەس بوە، واتە ڕێژەی (٧٥،٣٪) دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، بەگوێرەی ئەم ژمارانەبێت بۆمان دەردەکەوێت، کە لە ڕابردودا زۆربەی زۆری دانیشتوان لەگوندەکان نیشتەجێبونە، چونکە زۆربەی دانیشتوان بەکاری کشتوکاڵی خەریکبونە، کشتوکاڵکردنیش یەکێکە لەو پیشانەی زۆرترین دەستی کاری دەوێت،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

بەڵام ژمارەی شارنشینی زۆر کەمترە ئەمەش بەهۆی ئەوەی دانیشتوانی شارەکان بەپیشەی خزمەتگوزاری خەریک بونە کە کەمتر دەستی کاری دەوێت لەدایکبون لەشارەکان کەمترە بەپێچەوانەوە لەگوندەکان لەدایکبون زیاترە، بەڵام لەسەرژمێرییەکانی دواتر وەک لەساڵی (١٩٦٥) کۆی گشتی دانیشتوانی قەزاکە (٤١٩٣٢) کەس بوە، ئەگەر دابەشی بکەین بۆسەر شارنشینی و گوندنشینی، ئەوا کۆی گشتی شارنشینی (١١٩٤١) کەس بوە ڕێژەی (٢٨،٥%) و کۆی ژمارەی گوندنشینی (٢٩٩٩١) کەس بوە واتە ڕێژەی (٧١،٥٪) قەزاکەی پێکهێناوە هەروەها لەسەرژمێری (١٩٧٧) کۆی گشتی دانیشتوانی قەزاکە (٤٨١٤٧) کەس بوە، کۆی ژمارەی شارنشینی (١٧١٠٩) کەس بوە واتە ڕێژەی (٣٥،٥%) قەزاکەی پێکهێناوە.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەی ژینگەیی و ڕێژەیان لە قەزای کۆیە لەنێوان ساڵانی (١٩٥٧ – ٢٠٢٠)**

| ساڵ | شارنشین | % | گوندنشین | % | کۆی گشتی دانیشتوان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٨٩٣٢ | ٢٤،٧ | ٢٧٢١٥ | ٧٥،٣ | ٣٦١٤٧ |
| ١٩٦٥ | ١١٩٤١ | ٢٨،٥ | ٢٩٩٩١ | ٧١،٥ | ٤١٩٣٢ |
| ١٩٧٧ | ١٧١٠٩ | ٣٥،٥ | ٣١٠٣٨ | ٦٤،٥ | ٤٨١٤٧ |
| ١٩٨٧ | ٣٩٤٨٤ | ٩٦،٩ | ١٢٦٤ | ٣،١ | ٤٠٧٤٧ |
| ٢٠٠١ | ٥٢٧٣٨ | ٦١،٤ | ٣٣٢١٨ | ٣٨،٦ | ٨٥٩٥٦ |
| ٢٠١٠ | ٧٣٧٨٧ | ٧٧ | ٢٢٠١٣ | ٢٢،٩ | ٩٥٧٩٧ |
| ٢٠٢٠ | ١٢٢٤٠٩ | ٨٢،٢ | ٢٦٤٤٣ | ١٧،٧ | ١٤٨٨٥٢ |

سەرچاوە:

(١) جمهورية العراق وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات لسكانية، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان، لسنة ١٩٥٧، المحافظة اربيل.

(٢) جمهورية العراق وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات لسكانية، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان، لسنة ١٩٦٥، المحافظة اربيل.

(٣) جمهورية العراق وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات لسكانية، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان، لسنة١٩٧٧، المحافظة اربيل.

(٤) جمهورية العراق وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات لسكانية، نتائج ترقيم المباني وحصر السكان، لسنة ١٩٨٧، المحافظة اربيل.

(٥) سەرژمێری ڕێکخراوی فاو لەسەر پارێزگای هەولێر ساڵی (٢٠٠١).

(٦) وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری کۆیە ساڵەکانی(٢٠١٠،٢٠٢٠).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13


بەڵام گوندنشینی ژمارەیان (٣١٠٣٨) کەس بوە واتە ڕێژەی(٦٤،٥٪) قەزاکەی پێکهێناوە لەسەر ژمێری ئەم (٣) سێ ساڵە (١٩٥٧، ١٩٦٥، ١٩٧٧) بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی دانیشتوانی شار زیادیکردوە، ئەوەی گرنگە لێرەدا دەبینین سەرەتای دەستپێکی کۆچی گوندنشینانە بۆ شارەکان هەرچەند تا ئەو کاتە گوندنشینەکان ژمارەیان زۆرترە واتە پێبەپێ ژمارەی گوندنشینان کەمدەبێتەوە ژمارەی شارنشین زیاتر دەبێت و دەبێتە سەرەتای بەشاربون و کۆچی گوندنشینان بۆ شارەکان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بە دامەزراوەبونی دەوڵەتی عێراق قەزای کۆیە وەک بەشێک لەم دەوڵەتە کە پێویستی بەدەستی کاربو بۆ دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان وەک کەرتی ئابوری و خزمەتگوزارییە گشتیەکانی حکومەت، لەدوای ئەم سەرژمێریانە بەردەوام ئاستی بەشاربون لەبەرزبونەوەدایە و لەبەرامبەردا بەپێچەوانەوە ئاستی گوندنشینی بەرەو کەمبونەوە دەچێت بەشێوەیەک لەسەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) گۆڕانکاریەکە دەگاتە لوتکە ئاستی شارنشینی بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەرزدەبێتەوە لەبەرامبەردا ئاستی گوندنشینی زۆر دادەبەزێت و نزیک دەبێتەوە لەناوچون، لەم ساڵەدا کۆی گشتی دانیشتوانی قەزاکە (٤٠٧٤٧) کەس بوە کۆی گشتی شارنشینی (٣٩٤٨٤) کەس بوە ڕێژەی(٩٦،٩%) قەزاکەی پێکهێناوە، بەڵام ژمارەی گوندنشینی (١٢٦٤) کەس بوە ڕێژەی (٣،١٪) قەزاکەی پێکهێناوە هۆکاری ئەم گۆڕانکاریە گەورە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆچە زۆرەی گوندنشینان بەهۆی شاڵاوی ئەنفال و دروستکردنی ئۆردوگای زۆرەملێ و شۆڕشی کوردی و خراپی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی سیاسی و خزمەتگوزاری گوندەکان و گۆڕانکاری لەکارگێڕی قەزاکە. بەشێوەیەک هەریەک لەناحیەکانی شۆڕش و تەقتەق دەکرێنەوە گوند ناحیەی سەنتەریش دەکرێت ناحیە ئەمەش ناحەقیەکی گەورەبو بەسەر کۆی قەزاکە داهات لەساڵی (٢٠٠١) گۆڕانکاری بەسەر ژمارەی شارنشین و گوندنشین داهاتوە بەشێوەیەک ڕێژەی شارنشینی کەمبوەتەوە کۆی گشتی قەزاکە (٨٥٩٥٦) کەس بوە ژمارەی شارنشینی (٥٢٧٣٨) کەس بوە ڕێژەی (٦١،٤٪) قەزاکەی پێکهێناوە، بەڵام ژمارەی گوندنشینی (٣٣٢١٨) کەس بوە ڕێژەی (٣٨،٦٪) قەزاکەی پێکهێناوە، واتە بەشێوەیەک ژمارەی گوندنشینەکان بەرزبۆتەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی گوندەکان و گەڕانەوەی ژمارەیەک خەڵکی گوندەکان بۆ زێدی خۆیان و پێشکەشکردنی هەندێ خزمەتگوزاری کەم لەلایەن حکومەت و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان وەک خوێندنگەو بنکەی تەندروستی و مزگەوت و ئاو کارەباو ڕێگەوبان لەلایەکی تر خراپی باری ئابوری خەڵکی کوردستان و قەزاکە بەهۆی ئابلۆقەی ئابوری لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان و حکومەتی عێراق بەناچاری خەڵکی گوندەکان ڕویان کردەوە زێدی خۆیان بەمەبەستی بەکارخستنی زۆربەی زەوی کشتوکاڵی و ناکشتوکاڵی گوندەکان. بەڵام لەساڵەکانی دواتر بەردەوام شارنشینی ڕو لەزیادبونەو گوندنشینی ڕو لە کەمبونەوە، بەڵام ساڵی(٢٠٢٠) کۆی گشتی دانیشتوانی قەزاکە پێشبینیکراوە گەشتۆتە (١٤٨٨٥٢) کەس بوە ژمارەی شارنشینی (١٢٢٤٠٩) کەس بوە ڕێژەی لە (٨٢،٢٪) قەزاکەی پێکهێناوەو ژمارەی گوندنشینی (٢٦٤٤٣) کەس بوە ڕێژەی لە (١٧،٧%) قەزاکەی پێکهێناوە، ئەگەر سەیرێکی ئەم ژمارانە بکەین، دەبینیت گۆڕانکاری زۆر بەسەر ژمارەی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

شارنشینی وگوندنشینەکان داهاتوە بەشێوەیەک ژمارەی شارنشین زیادی کردوە بەپێچەوانەوە ژمارەی گوندنشینی کەمی کردوە، هەرچەندە دیاردەی بەشاربون زیادبونی ڕێژەی شارنشینی دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام لە کوردستان و ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە وەک پشتگوێ خستنی گوندەکان لەلایەن حکومەتی پێشوی عێراق و حکومەتی هەرێم لەزۆر بوارەکانی ژیان وەک ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری گشتی و بونی هەلی کارو دامەزراندنی هاووڵاتیان لەدام و دەزگا حکومییەکاندا بەتایبەت دەستی کاری لادێکان لەکەرتی سەربازی و بێ نرخ و بایەخ بونی بەرهەمی کشتوکاڵی ناوخۆو وشکەساڵی ئەم هۆیانە کاریگەریان هەبو لەسەر زیادبونی شارنشین و کەم بونی گوندنشین.

**شێوەی ژمارە (١)**

**ڕێژەی شارنشینی و گوندنشینی لەسەر ئاستی قەزای کۆیە لەنێوان ساڵانی(١٩٥٧ – ٢٠٢٠)**




**سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەی ژمارە (٢).**


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

## ٢–١: گەشەی دیموگرافی دانیشتوان

لەسەرژمێری ساڵەكانی(١٩٥٧–٢٠٢٠) قەزای كۆیە گەشەی خێرای بەخۆیەوە دیوە ژمارەی دانیشتوان زۆر زیادیكردوە ناوەندی زیادبونی سالانە لەنێوان ساڵەكانی(١٩٥٧ – ٢٠٢٠)دەگاتە(٣،٩%)شارنشینی بەلاّم گوندنشینی دەگاتە(-٠،٠٥٪). ئەگەر سەیری خشتەی (٣)بكەین بۆمان ڕوندەبێتەوە كە لەنێوان ساڵەكانی (١٩٥٧- ٢٠٢٠) بەردەوام ڕێژەی گەشەی شارنشینی قەزاكە ڕو لەهەڵكشانە بەشێوەیەک لەهەندێ ساڵەكان لەلوتكەیە بەراورد بەڕێژەی گەشەی گوندنشینی، بەلاّم لەساڵەكانی سەرەتای لێكۆڵینەوە دەردەكەوێت، كە ڕێژەی گەشەی گوندنشینی زیاترە بەراورد بە شارنشینی ئەمەش گەشەیەكی سروشتی و ئاساییە لەم ساڵەدا تا ئاستێک ناوچەی لێكۆڵینەوە وەک بەشێک لەعێراق بارودۆخەكە ئارام و ئاسایی بوە، بەلاّم لەدوای ئەم ساڵەوە ڕێژەی گەشەی نێوان شارو گوند گۆڕانكاری بەردەوامی بەسەرداد ێت بەشێوەیەک لەنێوان سالانی (١٩٥٧-١٩٦٥) ڕێژەی گەشەی شارنشینی لە (٣،٦%) بوەو ڕێژەی گەشەی گوندنشینی (١،٢٪) لەسالانی (١٩٦٥ – ١٩٧٧) ڕێژەی گەشەی شارنشینی(٣٪) بوەو گوندنشینی(٠،٢٨%) بوە لەمەوە بۆمان دەردەكەوێت ڕێژەی گەشەی شارنشینی بەرەو زیادبون هەڵكشاوە بەپێچەوانەوە ڕێژەی گەشەی گوندنشینی بەرەو داكشان ڕۆیشتوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نائارامی ناوچەكە، ئەم هەڵكشان و داكشانەی شارنشین و گوندنشین بەردەوام دەبێت تا سەرژمێری یەكانی ١٩٧٧و ١٩٨٧ كەوا ڕێژەی گەشەی شارنشینی دەگاتە لوتكەو گوندنشینی زۆر دادەبەزێت بەشێوەیەک لەنێوان سالانی(١٩٧٧ – ١٩٨٧) ڕێژەی شارنشینی(٨،٧٪) و گوندنشینی (-٢٧،٤٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕوخان و كاولكردنی گوندەكان ڕاگواستن و ئەنفالكردنی گوندنشینان بۆشارەكان زیادبوە شارنشینی لەسەر حسابی گوندنشینان، بەلاّم لەدوای ڕاپەڕینی خەڵكی كوردستان لەساڵی (١٩٩١) كشانەوەی حكومەتی ناوەند لەهەرێمی كوردستان و خراپی دۆخی ئابوری تا ئاستێک دۆخەكە پێچەوانە بۆوە گوندنشینان گەڕانەوە گوندەكانیان بەمەش تاڕادەیەک ڕێژەی گەشەی گوندنشینان بەرزبۆوە بەلاّم نەگەیشتە ئاستی شارنشینی، بەشێوەیەک لەنێوان سالانی (٢٠٠١–٢٠١٠) ڕێژەی گەشەی شارنشین (٣،٨٪) و گوندنشینی (٤،٤٪) بەلاّم لەنێوان سالانی(٢٠١٠ – ٢٠٢٠) ڕێژەی گەشەی شارنشینی(٥،١ %) و گوندنشینی (١،٨٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆباشبونی بارودۆخی شارەكان و پشتگوێ خستنی لادێكان لەلایەن حكومەتەوە بەردەوام ڕێژەی شارنشینی لەبەرزبونەوە دایە، هەرچەندە حكومەت هەندێک خزمەتگوزاری پێشكەشی گوندەكانی كرد، بەلاّم لەئاست داواكاری گوندنشینان نەبو ڕاهاتبون بەژیانی شارەكان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

## خشتەی ژمارە(٣)

## ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارنشین و گوندنشین لەقەزای کۆیە لەنێوان ساڵانی (١٩٥٧ —٢٠٢٠)

| | ١٩٥٧- ١٩٦٥ | ١٩٦٥- ١٩٧٧ | ١٩٧٧- ١٩٨٧ | ١٩٨٧- ٢٠٠١ | ٢٠٠١- ٢٠١٠ | ٢٠١٠- ٢٠٢٠ | ڕێژەی نێوەندی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شارنشین | ٪٣،٦ | ٪٣ | ٪٨،٧ | ٪٢،١ | ٪٣،٨ | ٪٥،١ | ٪٣،٩ |
| گوندنشین | ٪١،٢ | ٪٠،٢٨ | ٪٢٧،٤¯ | ٪٢٦،٣ | ٪٤،٤¯ | ٪١،٨ | ٪٠،٠٥¯ |

سەرچاوە : (١) پشت بەستن بەخشتەی ژمارە(٢).

(٢) دەرهێنانی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بەگوێرەی ئەم هاوکێشەیە (سعید، ٢٠١١، ص ١٧٢)

$$R=\left[\sqrt[T]{\frac{P1}{P0}}-1\right]X100$$

r= ڕێژەی گەشەی ساڵانە.


T= ژمارەی ساڵانەی نێوان دو سەرژمێری

P1= ژمارەی دانیشتوان دواین سەرژمێری.

P0= ژمارەی دانیشتوان لەسەرژمێری یەکەم.

## شێوەی ژمارە (٢)

## ڕێژەی گەشەی شارنشینی و گوندنشینی لەسەر ئاستی قەزای کۆیە لەنێوان ساڵانی(١٩٥٧ — ٢٠٢٠)




**سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی ژمارە (٣)**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

## ٢ – ٢: ڕەهەندی دیموگرافی بەشاربون لەقەزای كۆیە

بۆ جیاكردنەوەی گوندەكان لەشارەكان زۆر پێوەری جیاواز دادەنرێت زۆربەی جار لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی تر جیاوازی هەیە لەدەستنیشان كردنی گوندو شارەكان سەبارەت بەعێراق بۆ دەستنیشانكردنی گوندو شارەكان پۆلینی كارگێری بەكاردێت واتە هەرشوێنێك یەكەی كارگێری لێبێت ئەوا شارە بەپێچەوانەشەوە گوندە. وڵاتانی جیهانی سێیەم بەخێرایی گەشەدەكەن و ژمارەی شارنشینی زیاددەبێت ناوچەی لێكۆڵینەوەش وەک بەشێک لەوڵاتانی جیهانی سێیەم ژمارەی شارنشینەكانی قەزاكە بەخێرایی زیادیكردوەو قەبارەكان شارنشینەكانی گەورە بوە، ئەم زۆربونە زیاتر بوە لەچاو عێراق و وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەمەش بەهۆی چەند هۆكارێك وەک كۆچكردن و كۆچی زۆرەملێ، هەروەها چەند هۆكارێكی تر كە لەتەوەرەكانی تر بەدرێژی باسیان دەكەین، گەشەی شارنشینی بە چەند شێوەیەک ڕودەدات:

١. **زیادبونی سروشتی** دانیشتوانی سەنتەری شارستانیەكان ئەمەش بەهۆی جیاوازی لەنێوان لەدایكبوان و مردوان لەماوەی ساڵێك.

٢. **زیادبونی ناسروشتی** بەتایبەت ئەو كۆچە زۆرەی لەگوندەكانەوە بۆ شارەكان دەكرێت.

٣. **خواردن و بەدیلگرتنی (الاسر الحضری) گوندەكان** لەلایەن شارەكانەوە بەهۆی گەورەبونی شارەكان گوندەكانی نزیک شارەكان دەبنە بەشێک لەشارەكان بەگەڕەكێكی شارەكە ئەژماردەكرێت وەک گوندی كێلەخوارە لەئێستادا گەڕەكێكی شارەكەیە.

٤. **گۆڕانكاری كارگێڕی** كاتێک شار گەورەدەبێت پلەیەكی گەورەی كارگێڕی وەردەگرێت، نمونە گوند دەبێتە ناحیە یاخود ناحیە دەبێتە قەزا. هەروەها ئەو قەزایە دەبێتە پارێزگا، نمونەی زیندوی ناوچەی لێكۆڵینەوە وەک گوندی سكتان و خەرابەو سێگردكان كە كراون بەناحیە یان بەپێچەوانەوە لەساڵی ١٩٨٧ ناحیەی شۆڕش و ناحیەی تەقتەق كراون بەگوندو قەزای كۆیە كراوە بەناحیە. ئەگەر سەیری خشتەی (٤) بكەین دەبینین لەنێوان ماوەی ساڵانی لێكۆڵینەوە گۆڕانكاری زۆر بەسەر ناوچەی لێكۆڵینەوەدا هاتوە لەڕوی كارگێڕییەوە بەردەوام یەكە كارگێڕییەكانی زیادیكردوە بەڵام لەهەندێ ساڵ ژمارەیان كەمكراوەتەوە، بەشێوەیەک لەسەر ژمێری ساڵی (١٩٥٧) تەنها لە دو یەكەی كارگێڕی پێكهاتوە ئەوانیش (ناحیەی سەنتەر، ناحیەی تەقتەق) ژمارەی دانیشتوانیشیان ناحیەی سەنتەر (٢٢٦٨١) كەس بوە ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی تەقتەق(١٣٤٦٦) كەس بوە كۆی گشتی دانیشتوانی قەزاكە (٣٦١٤٧) كەس بوە، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی یەكە ئیدارییەكانی قەزاكە زیاتر بوە گەیشتۆتە سێ یەكەی كارگێڕی ئەوانیش (ناحیەی سەنتەر، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی شۆڕش) ژمارەی دانیشتوانیان لەم ساڵەدا ناحیەی سەنتەر(٢٤٣٦٤) كەس بوە، بەڵام ناحیەی تەقتەق (١٥٦٠٧) كەس و ناحیەی شۆڕش (٨١٧٨) كەس بوە كۆی گشتی قەزاكە (٤٨١٤٧) كەس بوە، بەڵام لەسەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) ئەوەی تێبینی دەكرێت ئاڕاستەكە پێچەوانەبوەتەوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

ژمارەی یەکە کارگێڕییەکان کەمکراوەتەوە قەزاکە بچوککراوەتەوە بەشێوەیەک قەزاکە کراوە بەناحیەو هەردو ناحیەکەش کراون بەگوند تەنها ناحیەی کۆیە ماوەتەوە خرایە سەر پارێزگای هەولێر ژمارەی دانیشتوانی (٤٠٧٤٧) کەس بوە، ئەمەش هۆکاری سیاسی لەپشت بوە، بەڵام دوابەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەساڵی١٩٩١ بارودۆخەکە تاڕادەیەک ئاسایی بوەوە، ساڵی(٢٠٠١) دۆخی کارگێڕی قەزاکە گەڕایەوە دۆخی ئاسایی خۆی و یەکەیەکی کارگێڕی تریش زیادیکرد بەم شێوەیە (ناحیەی سەنتەر، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی شۆڕش، ناحیەی ئاشتی) ژمارەی دانیشتوانیان ناحیەی سەنتەر (٣٤٥١٨) کەس بوە، ناحیەی تەقتەق(١٧٥٠٠) کەس بوە، ناحیەی شۆڕش (٣٢٠) کەس بوە، ناحیەی ئاشتی(٤٠٠) کەس بوە، کۆی گشتی دانیشتوانی قەزاکە (٥٢٧٣٨) کەس بوە، لەساڵەکانی دواتر بەردەوام ئەم گۆڕانکارییە بەئاڕاستەی زیادبون بوە بەشێوەیەک لەساڵی (٢٠١٠) ژمارەی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە (٦) یەکەی کارگێڕی بوە ئەوانیش (ناحیەی سەنتەر، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی ئاشتی، ناحیەی شۆڕش، ناحیەی سکتان، ناحیەی سێگردکان) ژمارەی دانیشتوانی هەریەکەیان ناحیەی سەنتەر (٥٣٤٥٠) کەس، ناحیەی تەقتەق (١٧٠٠٤) کەس، ناحیەی شۆڕش (٤٢٩) کەس، ناحیەی ئاشتی (٧٨٩) کەس، ناحیەی سێگردکان (١١٥٦) کەس، ناحیەی سکتان (٩٥٨) کەس، کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوان(٧٣٧٨٤) کەس.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ژمارەی شارنشینی لەقەزای کۆیە بەپێی یەکە کارگێڕییەکان لەنێوان ساڵانی(١٩٥٧ -٢٠٢٠)**

| ساڵ | یەکەی کارگێڕی | ژمارەی دانیشتوان | کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ناحیەی سەنتەر کۆیە | ٨٤٨٢ | ٨٩٣٢ |
| | تەقتەق | ٤٥٠ | |
| ١٩٧٧ | کۆیە | ١٤٣٦٨ | ١٥٨٤٥ |
| | تەقتەق | ١٤٧٧ | |
| | شۆڕش | ٨١٧٨ | |
| ١٩٨٧ | کۆیە | ٣٥٤١٤ | ٤٠٧٤٧ |
| ٢٠٠١ | کۆیە | ٣٤٥١٨ | ٥٢٧٣٨ |
| | تەقتەق | ١٧٥٠٠ | |
| | شۆڕش | ٣٢٠ | |
| | ئاشتی | ٤٠٠ | |
| | کۆیە | ٥٣٤٥٠ | |


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | تەقتەق | ١٧٠٠٤ | ٧٣٧٨٤ |
| | شۆڕش | ٤٢٩ | |
| | ئاشتی | ٧٨٩ | |
| | سێگردکان | ١١٥٦ | |
| | سکتان | ٩٥٨ | |
| ٢٠٢٠ | کۆیە | ٩٥١٨٦ | ١٢٢٤٠٩ |
| | تەقتەق | ٢٠٧١٩ | |
| | سکتان | ٣١٧٤ | |
| | شۆڕش | ١٣٣٢ | |
| | ئاشتی | ١٦٥٢ | |
| | **سێگردکان** | **٢٦٢٩** | |

سەرچاوە: وەزارەتی پلاندانان، فەرمانگەی ئاماری کۆیە، ٢٠٢٠.

بەڵام لە ئێستادا و لە ساڵی (٢٠٢٠) ژمارەی یەکە کارگێڕییەکان وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام ژمارەی دانیشتوان زیاتری کردوە وەک ناحیەی سەنتەر (٩٥١٨٦) کەس ناحیەی تەقتەق (٢٠٧١٩) کەس، ناحیەی شۆڕش (٣٤٦) کەس، ناحیەی ئاشتی(١٣٣٢) کەس، ناحیەی سێگردکان (١٦٥٢) کەس، ناحیەی سکتان (٣١٧٤) کەس کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (١٢٢٤٠٩) کەس، سەبارەت بەڕێژەی گەشەی ناوەندە شارستانییەکان بەپێی ساڵەکان گۆڕانکاری زۆری تێدا ڕویداوە، سەیری خشتەی (٥) بکەین بەشێوەیەک لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧ – ٢٠١٠) ڕێژەی گەشەی ناحیەی سەنتەر (٣،٤٪)، ناحیەی تەقتەق (٧٪) بەڵام یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە لەنێوان ساڵانی(٢٠١٠، ٢٠٢٠) بەردەوام گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە بەشێوەیەک ناحیەی سەنتەر(٦%) ناحیەی تەقتەق (٢٪)، ناحیەی شۆڕش(٢٪) ناحیەی ئاشتی (٥،٣٪)، ناحیەی سکتان (٦،٥٪)، ناحیەی سێگردکان(٤٪)، لەکۆتایی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە گۆڕانکاری زۆر لەدیمۆگرافیای شارنشینی قەزاکە ڕویداوە ئەمەش ئەنجامی چەند هۆکارێکە بەتایبەت هۆکاری سیاسی وایکردوە کە بەردەوام یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە زیاتر بێت و ژمارەی گەشەی شارنشینی زیاتر بێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

**خشتەی ژمارە** (٥)

**ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ناوەندە شارستانییەکان لەقەزای کۆیە بەپێی یەکەی کارگێڕی**

**لەنێوان ساڵانی** (١٩٥٧ – ٢٠٢٠)

| یەکەی کارگێڕی | ١٩٥٧-٢٠١٠ | ٢٠١٠-٢٠٢٠ |
|---|---|---|
| کۆیە | ٣،٤٪ | ٦٪ |
| تەقتەق | ٧٪ | ٢٪ |
| شۆڕش | ـــــــ | ٢٪‾ |
| ئاشتی | ـــــــ | ٥،٣٪ |
| سکتان | ـــــــ | ٦،٥٪ |
| سێگردکان | ـــــــ | ٤٪ |

سەرچاوە : پشت بەستن بەخشتەی ژمارە (4)

### ٢ – ٣: ناوەندەکانی شارستانی بەپێی قەبارەیان

شیکردنەوەی گروپە دیموگرافییەکان بەپێی گەورەیی قەبارەیان و چۆنیەتی دابەشبونی ئەو گروپانە دەردەخات لەچەند گروپێکی دیموگرافی دیاری دەکرێت سەبارەت بەچۆنیەتی دابەشبونی ناوەندە شارستانیەکان. قەزای کۆیە بەپێی گەورەو بچوکی دیاری دەکرێت لێرەدا زۆر ڕێگا لەبەردەست دایە بۆ دابەشکردنی شارەکان بەپێی قەبارەیان بەڵام ناتوانین هیچیان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست تەواو بەکاربهێنین لەسەر قەزاکە جێبەجێبکەین لەبەر بچوکی ڕوبەری قەزاکەو کەمی ناحیەکانی سەر بەقەزاکە، بەڵام دەتوانین لەڕوی ژمارەی یەکەی کارگێڕی بەپێی ژمارەی دانیشتوان دابەش بکەین، ئەگەر سەیری خشتەی(٦) بکەین لەسەر ژمێری ساڵی(١٩٥٧) لە دو یەکەی کارگێڕی پێکهاتوە بەپێی ڕیزبەندی ژمارەی دانیشتوان (سەنتەری قەزای کۆیە، سەنتەری ناحیەی تەقتەق)، لەسەرژمێری ساڵی(١٩٦٥) هەروەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) کارگێڕی ناوچەی لێکۆڵینەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتوەو زیادی کردوە بۆ سێ یەکەی کارگێڕی ئەوانیش (سەنتەری ناحیە، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی شۆڕش (دێگەڵە) بەم شێوەیە ڕوبەری فراوانتر بو، بەڵام لە سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) ئەوەی جێگای تێڕامانە یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە بەرەو کەمبونەوە چون و تەنها (سەنتەری ناحیەی قەزاکە) ماوە هەردو ناحیەی تەقتەق و شۆڕش کراون بەگوند بەهۆکاری سیاسی، بەڵام دوای ساڵی (١٩٩١) گۆڕانکاری سیاسی گەورە لەهەرێمی کوردستان و ناوچەکە ڕویدا بەم هۆیەوە گۆڕانکاری لەکارگێڕی ناوچەی لێکۆڵینەوە داهات بەشێوەیەک گەیشتە چواریەکی کارگێڕی لەهەریەک لەساڵەکانی (٢٠٠١و٢٠٠٧) ئەوانیش (سەنتەری ناحیەی قەزا، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

شۆڕش، ناحیەی ئاشتی) ناحیەی ئاشتی زیادیکرد ڕیزبەندی سێیەمی وەرگرت، چونکە ژمارەی دانیشتوان زیاتر بو لەناحیەی شۆڕش، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٧) بەهەمان شێوە مایەوە ڕیزبەندیان بەپێی ژمارەی دانیشتوان (سەنتەری ناحیەی قەزا، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی شۆڕش، ناحیەی ئاشتی) بەڵام لەساڵەکانی (٢٠٠٩، ٢٠٢٠، ٢٠١٠) ژمارەی یەکە کارگێڕییەکانی زیادیکردوە گەیشتۆتە شەش یەکەی کارگێڕی بەشێوەیەک لەساڵی (٢٠٠٩) ڕیزبەندیان بەپێی قەبارەی دانیشتوان (سەنتەری ناحیەی قەزا، ناحیەی تەقتەق، سەنتەری ناحیەی شۆڕش، سەنتەری ناحیەی ئاشتی، سەنتەری ناحیەی سێگردکان، سەنتەری ناحیەی سکتان) بەم شێوەیە ماوەتەوە ژمارەی یەکەکانی قەزاکە تاوەکو ساڵی (٢٠٢٠) هەمان ژمارەیە، بەڵام ڕیزبەندیان بەپێی قەبارەو ژمارەی دانیشتوان، ئەوەی تێبینی دەکرێت سەنتەری ناحیەی قەزاکە بەردەوام ڕیزبەندی یەکەمی وەرگرتوە بەم شێوەیە (سەنتەری ناحیەی قەزا، ناحیەی تەقتەق، سەنتەری ناحیەی سکتان، سەنتەری ناحیەی سێگردکان، سەنتەری ناحیەی ئاشتی، سەنتەری ناحیەی شۆڕش).

**خشتەی ژمارە (٦)**

**ناوەندە شارنشینەکانی قەزای کۆیە ڕیزبەندییان بەپێی قەبارەیان لەنێوان ساڵانی**

**(١٩٥٧ – ٢٠٢٠)**

| ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠١ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٠ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **کۆیە** | کۆیە | کۆیە | کۆیە | کۆیە | کۆیە | کۆیە | کۆیە | کۆیە | **کۆیە** |
| **تەقتەق** | تەقتەق | تەقتەق | | تەقتەق | تەقتەق | تەقتەق | تەقتەق | تەقتەق | **تەقتەق** |
| | | شۆڕش | | شۆڕش | شۆڕش | سێگردکان | سێگردکان | سکتان | **سکتان** |
| | | | | ئاشتی | ئاشتی | سکتان | سکتان | سێگردکان | **سێگردکان** |
| | | | | | | ئاشتی | ئاشتی | ئاشتی | **ئاشتی** |
| | | | | | | **شۆڕش** | **شۆڕش** | **شۆڕش** | **شۆڕش** |

سەرچاوە: پشت بەست بەخشتەی ژمارە (٤)

## تەوەری سێیەم: هۆکارەکانی گەشەسەندنی شارنشینی

**٣ – ١: هۆکارە سروشتییەکان**

**٣ – ١ – ١: تۆپۆگرافیا**

**٣ – ١ – ٢: ئاووهەوا**

**٣ – ١ – ٣: سەرچاوەی ئاو**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

### ٣ – ١ – ١:تۆپۆگرافیا

### ١: ناوچەی گردۆلکەو پێ گردەکان (دەشتە شەپۆلاوییەکان)

ناوچەی گردۆڵکەو پێ گردەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە شوێنی جوگرافی دەکەوێتە بەشەکانی ناوەڕاست و باشورو باشوری ڕۆژئاوای قەزاکە کە نزیکەی(٨٠٪)ی ڕوبەری پێکدەهێنێت، ئاووهەوای ئەم ناوچەیە لەجۆری (ستێپس) بەرزاییەکانی ئەم هەرێمە بریتین لەبەرزایی تەکەڵتو بەرزی (٨١١م) لەباشور، بەرزایی چەمرگە بەرزی (٨٦٠م) لەڕۆژئاوا، بەرزایی گۆرقەرەج بەرزی(٦٩٧م) لەباشوری قەزای کۆیە ژمارەیەک دەشتیش لەناوچەکە بەدی دەکرێت وەک دەشتی کۆیە ڕوبەری (٣٥،٦٢)کم٢ لەباشور، دەشتی تاڵەبان ڕوبەری(٣١)کم٢ لەناوەڕاستی، دەشتی (ئەشکەفت سەقا) ڕوبەری (٤٩،٢٥) کم٢ لەڕۆژئاوا، دەشتی هامون لەباشور دەشتی شیوەشان لەناوەڕاست و دەشتی (بۆگد– کانی بی) ڕوبەری دەگاتە (٢١)کم٢ لەباشوری قەزاکە (بکر، ٢٠١٠، ل٥٢) تەختایی و گونجاوی ڕوی ئەم دەشتانە بۆ چالاکیە ئابوری و شارستانیەکان و کردنەوەی ڕێگاوبانەکان و ئاسانی هاتوچۆکردن و گەیاندن و دابین کردنی خزمەتگوزارییەکانی تر، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر زیادبونی شارنشینی، زۆرترین نشینگە شارنشینەکان لەم ناوچەیە کۆبونەتەوە وەک (سەنتەری ناحیە، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی ئاشتی، ناحیەی سێگردکان، ناحیەی شۆڕش).

### ٢ / ناوچە شاخاوییەکان :

ناوچە چیاکان ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی قەزاکەی پێکهێناوە کەنزیکەی (٢٠٪)ی تێکڕای ڕوبەری ناوچەی لێکۆڵینەوەیە چیاکانی ئەم ناوچەیە بریتین لەزنجیرە چیای هەیبەت سوڵتان بەرزایی ١٠٩٢م لەباکور، زنجیرە چیای باواجی بەرزایی١٢٥٤م لەباکور، زنجیرە چیای کێشکێ بەرزایی ١٢٠٣م لەباکور، زنجیرە چیای بەنەباوی بەرزایی ١٣٣٦م لەباکور، زنجیرە چیای ئاوەگرد بەرزایی ١٤٧٠م لەباکوری ناوچەی لێکۆڵینەوە. دۆڵەکانی ئەم ناوچەیە وەک دۆڵی سماقوڵی ودۆڵی نازەنین لەباکور، لەگرنگترین دەشتەکانی ئەم ناوچەیە دەشتی (گردگۆران)ە لەباکوری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە، (بکر، ٢٠١٠، ل٤٦) بەسەرنج دانمان بۆ تۆپۆگرافیای ئەم ناوچەیە بەبەراورد لەگەڵ ناوچە دەشت و زورگەکان و پاشان بونی بەربەستی تۆپۆگرافیا لەگەیاندنی خزمەتگوزارییەکان فراوانبون و گەورەبونی قەبارەی دانیشتوانی سەنتەرەکانی شارنشینی بۆتە هۆی ئەوەی بەردەوام دانیشتوانی ئەم سەنتەرە بەرەو ناوچەکانی تری قەزاکە کۆچ بکەن هەربۆیە گەورەبونی قەبارەی دانیشتوانی سەنتەرەکانی شارنشینی و زۆربونی ژمارەیان پەیوەست بوە بەو بەرزو نزمیە ئاڵۆزەی لەناوچەکەدا هەیە. لێرەدا بۆمان ڕون دەبێتەوە کە فاکتەری تۆپۆگرافیا ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە لەدیاریکردن و گەورەبونی قەبارەی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

دانیشتوانی سەنتەرەكانی شارنشینی لەناوچە بەرزاییەكانەوە بەرەو ناوچە نزماییەكان برۆین ڕێژەی شارنشینی زیاتر دەبێت.

### ٣ – ١ – ٢: ئاووهەوا

ئاووهەوا یەكێكە لەو هۆكارە سروشتیانەی كە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ كاردەكاتە سەر دانیشتوان. (هروری،١٩٩٩،ص٦٧) ئاووهەوا بەڕەگەزە جیاوازییەكانیەوە بەگرنگترین هۆكاری سروشتی دادەنرێت كە كاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە، چونكە ڕێگە دەگرێت لەوەی كە لەناوچە زۆر ساردەكاندا ژمارەیەكی زۆر نیشتەجێببن (الهیتی،٢٠١٣،ص١٠٨). بەهەمان شێوەش لەناوچە زۆر گەرمەكاندا مرۆڤ كەم نیشتەجێدەبن، چونكە ڕەگەزەكانی ئاووهەوا كاریگەرییان لەسەر ژینگەی سروشتی و چالاكییەكانی مرۆڤ هەیە (الجبوری،٢٠٠٩،ص٣٧) سەبارەت بەئاووهەوای قەزای كۆیە بەگوێرەی پۆلینكاری (كۆپن،Koppen) ناوچەی لێكۆڵینەوە بۆ دو هەرێمی سەرەكی ئاووهەوا پۆلێنكراوە، هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست (Csa) كە لەبەشەكانی باكورو باكوری ڕۆژهەڵاتی قەزاكە بەدی دەكرێت، كە زستانی ساردو باراناوییەو هاوینی گەرم و وشكە بڕی بارانی ساڵانەی لەنێوان (٦٠٠ – ٩٠٠ملم) دایە، ئەم هەرێمە ناحیەی سەنتەرو بەشی باكوری ناحیەی شۆڕش و بەشی ڕۆژهەڵاتی ناحیەی ئاشتی و سكتان دەگرێتەوە، بەڵام هەرێمی ئاووهەوای گەرمەسێر(Bsh) ناوچەی گردۆلكەو پێ گردەكان دەگرێتەوە بڕی بارانی ساڵانەی لەنێوان (٢٥٠ – ٦٠٠) ملم پلەی گەرمی لەهاوینان بەرزەو لەزستاندا مام ناوەندییە ئەم هەرێمەش لە (ناحیەی تەقتەق، باشوری ناحیەی شۆڕش و ناحیەی ئاشتی و، باشورو ڕۆژئاوای ناحیەی سەنتەر، ناحیەی سێگردكان) بەدی دەكرێت.(بكر، ٢٠١٠، ل٥٩). لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی كەوا هۆكاری ئاووهەوا ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لەگەشەكردن و دیاریكردنی قەبارەی شارنشینی، هەروەها دەتوانین بڵێن ناوچەی دامێنی چیاكان كە ئاووهەوای گەرمەسێری هەیە، چڕترین ناوچەی شارنشینە چونكە سازگاری ئاووهەواكەی بەتایبەت لەوەرزەكانی زستان و بەهارو پایزدا سەرباری ئەوەی دانیشتوانی ئەم هەرێمەی ئاووهەوا زۆربەی ڕۆژەكانی ساڵ بەبێ هیچ بەربەستێكی ئاووهەوای چالاكیە ئابورییەكانیان بەئەنجام بگەیەنن ئەمە جگە لەكەمی كاریگەری ئاووهەوا لەگەیاندنی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەكانی دانیشتوان، دانیشتوانی ئەم هەرێمە بەشێوەیەكی بەرچاو گەشە دەكەن، سەبارەت بەهەرێمی دەریای ناوەڕاست (Csa) بەهۆی دژواری ئاووهەواكەی كە باران و بەفری زۆری لێدەبارێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

### ٣ – ١ – ٣: سەرچاوەی ئاو

**١. باران و بەفر.**

**٢. ئاوی سەرزەوی .**

**٣. ئاوی ژێر زەوی.**

### ١. باران و بەفر:

باران و بەفر بە دو سەرچاوەی گرنگی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی دادەنرێن، کە بەشێوەیەکی بەرچاو کار لەداهاتی سالانەی ئاو دەکات، سەبارەت بەو بڕە بارانەی لەقەزای کۆیە دەبارێت لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازەو لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری قەزاکە جیاوازە بڕی بارانی ساڵانە لەهەریەک لەوێسگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەم شێوەیە بو لە وێسگەی کۆیە بەپلەی یەکەم دێت، کە دەگاتە (٧٠٢) ملم، بەڵام لەوێسگەی تەقتەق کەمترین بڕی لێ دەبارێت کە دەگاتە (٤٢٦،٧)ملم ناوچەی لێکۆڵینەوە بەفریشی لێ دەبارێت بەتایبەت لە وێستگەی کۆیە (١٠)سم لەساڵی ٢٠١٠ (کریم،٢٠١٥،ل ٢٤) لەگەڵ ئەوەی دابارین بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە وەکو سەرچاوەیەکی ئاو لەسەر گەشەی شارنشینی، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەدەوڵەمەندکردنی ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێر زەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەرییەکی زۆری هەیە، کە ئەوانیش بۆخۆیان ڕۆڵێکی گرنگیان لەژیانی مرۆڤ، چونکە ئاو پێداویستییەکی گرنگ وبەردەوامی هاووڵاتیانە کاری لەگەشەی شارنشینیدا هەیە.

### ٢. ئاوی سەرزەوی:

ئاوی سەرزەوی ئاوەڕۆی سروشتی، دەستکرد، دەریاچەکان دەگرێتەوە، ئاشکرایە ڕوبارەکان لەزۆر شوێندا ڕۆڵی کارایان لەدامەزراندنی نشینگەکاندا بوە، بەتایبەتیش لەوناوچانەی ڕادەی بارانیان کەمە.(سلیم،٢٠٠٥،ل١٣٤) ئاوی سەرزەوی لەقەزای کۆیە خۆی لەئاوی (٩) ئاوەزێڵی سەرەکی پێکدەهێنێت کە بریتین لە(شەلغە، سماقولی، چەمەسور، قەبیان، شیوەشان، بۆگد، کلێسە، کۆیە، تەقتەق) زێی بچوک بەباشوری قەزاکە تێدەپەڕێت، ڕوبارەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ سەر دو جۆر دابەش دەبێت یەکەمیان ڕوباری هەمیشەیین وەک (زێی بچوک، ڕوباری هیزۆپ) دوەمیان ڕوباری وەرزین وەک (ڕوباری کۆیە، ڕوباری شەلغە).(بکر، ٢٠١٠، ل٩٧) بەم شێوەیە ئاوی سەرزەوی گرنگترین هۆکارە بۆ دروستبونی شارنشینی و زیادبونی گەشەی دانیشتوان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

### ٣. ئاوی ژێر زەوی:

ئەو ئاوەیە کە لەبۆشایی و کەلێنەکانی ژێر زەوی هەن، سەرچاوەکەی بریتییە لە دابارین پاش ڕۆیشتنیان لەسەر زەوی بەشێکی دەچێتە ناخی زەوی و کاتێک ئەم ئاوە توشی چینێکی کونیلەدار بو ئەوە ئاوەکە کۆدەبێتەوە دەبێتە ئاوی ژێر زەوی. (خلف،١٩٦١، ص٨ – ١٨) ئاوی ژێر زەوی بەداهاتێکی گرنگ دادەنرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی مرۆڤ هەر لەکۆنەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ئاوی ژێر زەوی بەکارهاتوە بۆ مەبەستی خواردنەوەو کشتوکاڵ ئاوی ژێر زەوی خۆی دەبینێتەوە لەکانی و بیرەکان، لەناوچەی لێکۆڵینەوە نزیکەی (٣٥٥) کانیاو، (٨١) کارێز، (٢٧) بیری قوڵ، (٣٧٧) بیری سەرزەوی تێدایە. (بکر، ٢٠١٠،ل١٢٨) لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئاوی ژێر زەوی کاریگەری زۆری هەبوە لەسەر دروستبونی نشینگە شارستانییەکان و زیادبونی شارنشینان و کۆبونەوەیان بەتایبەت ئاوی ژێر زەوی سازگارترە بۆ بەکارهێنان ناوچەی لێکۆڵینەوەش بەدەرنییە لەم هۆکارە.

### ٣ – ٢ هۆكارە مرۆییەكان

### ٣-٢-١: هۆكاری ڕامیاری

هۆکاری ڕامیاری بە داینامۆی گۆڕانکاری هەلومەرجە مێژوییەکان دادەنرێت، بۆیە ناکرێت لە ئاڵوگۆڕە مێژوییەکان و گواستنەوەی کۆمەڵگا لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر تێبگەین بەبێ لێکدانەوەی بارودۆخە ڕامیارییەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە.(الاسود، ١٩٨٠،ص١٩٩) کاریگەری هۆکاری ڕامیاری لەسەر گەشەی شارنشینی لەقەزای کۆیە دەتوانین بڵێین ئەم هۆکارە بەبەراورد بە هۆکارەکانی تر ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاوی گێراوە، ئەو گۆڕانکارییە ڕامیارییانەی لەعێراق بەگشتی و ناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەتی هاتونەتە ئاراوە تەکانێکی گەورەیان بەپرۆسەی گەشەی شارنشینی داوە، ڕۆڵی ئەم هۆکارە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧ – ٢٠٢٠) لەتەواوی هۆکارەکانی تر کاریگەری زیاتر بوە، دوابەدوای دروستبونی دەوڵەتی عێراق و ناجێگیری بەردەوامی بارودۆخی ڕامیاری کە خۆی دەبینێتەوە لەسیاسەتی تێکدان و کاولکردنی گوندەکان و ڕاگوێزانی دانیشتوانەکانیان بۆ مەڵبەندی شارەکان و ئۆردوگا زۆرەملێکان لەلایەن ڕژێمە یەک بەدوای یەکەکانەوە بەئامانجی لەناوبردنی شۆڕشی کوردی، چونکە گوندەکان سەبەتەی خۆراکی پێشمەرگە بون لەناوچەی لێکۆڵینەوەش وەک بەشێکی زیندوی هەرێمی کوردستان هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی وای کردوە بێ بەش نەبێ لەڕوداو ململانێ ڕامیارییەکان بەجۆرێک کاریگەری هەبوە لەسەر گەشەی شارنشینی و کەمبونەوەی ژمارەی گوندنشینان ئەوەی تێبینی دەکرێت لە شەستەکانی سەدەی ڕابردو هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول و بونی ناوچەکە بەمەیدانی شەڕو پێکدادان ژمارەیەکی زۆری گوندنشینان لەترسی تۆپ باران و تێکچون و گرتن و کوشتن شوێنەکەی خۆیان بەجێ هێشتوە بەرەو ناوەندە شارستانیەکان کۆچیان کردوە بەڵام لەسەرژمێری (١٩٧٧) تاڕادەیەک ڕەوشەکە ئارام بوە، بەڵام لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٠ –


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

١٩٨٨) شاڵاوی تێکدان و کاولکردنی گوندەکان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکانیان بەرەو شارەکان و ئۆردوگا زۆرەملێکان دەگاتە لوتکە بۆ ئەمەش بیانوی جۆراوجۆری هەبو سەرەتا بەبیانوی نەوت لەهەندێک بەشی قەزاکە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردو نزیکەی (٨) گوندی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەر شاڵاوی کۆچپێکردنی زۆرەملێ کەوتون. (سلیم، ٢٠٠٥، ل١٤٠) لەساڵی (١٩٨٧)یش بەبیانوی پاڵ پشتی و یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە نزیکەی دە گوندی تر بەر شاڵاوی تێکدان کەوتون بەرەو شارەکانی کۆیە و هەولێر و ئۆردوگاکانی دەوروبەری شاری هەولێر کۆچیان پێکراوە. (مینە،١٩٩٩، ل٣٠٨) لەساڵی (١٩٨٨) لەپرۆسەی نەگریس و ترسناکی ئەنفال ناوچەی لێکۆڵینەوە بەر شاڵاوی ئەنفالی چوارەم کەوت لەماوەی نێوان (٣-٨) مایسی ئەم شاڵاوەش بەگەورەترین هۆکاری ڕامیاری دادەنرێت لەزیادبونی گەشەی شارنشینی. چونکە لەم شاڵاوە ژمارەیەکی زۆری ئەو گوندانەی گرتۆتە کە تاوەکو ئەوکات ئاوەدانیان تێدابوە، بەمجۆرە زۆربەی زۆری گوندەکانی ناوچەکە بەر ئەم شاڵاوە کەوتن و لەگەڵ زەوی تەخت کران و دانیشتوانەکەیان بێ سەرو شوێن کران، ژمارەی گوندەکان (١١٧) گوند کۆی ژمارەی خێزانەکان نزیکەی(٥٠٠٣) خێزان بوە.(ۆوچ، ١٩٩٩،ل٣٠٣) هەندێ لەخێزانەکان خۆیان ڕزگارکردوە لەشارەکان نیشتەجێبون، هەر لەم ساڵەدا گەشەی شارنشینی گەیشتە لوتکە سەرباری پرۆسەی ئەنفال گۆڕانکاری لە کارگێڕی قەزاکە کراوە بەجۆرێک قەزاکە بچوک کراوەتەوە بوە ناحیەو هەریەک لەناحیەکانی تەقتەق و شۆڕش کراون بەگوند ئەمەش لەبەرژەوەندی شار بوە لەسەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ ڕێژەی شارنشینی(٩٦٪) بەڵام گوندنشینی (٤٪) بوە. دوابەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕزگاربونی ناوچەکە تاڕادەیەک دۆخەکە ئاسایی بوە، چونکە خەڵکی گوندەکان ڕویان لەزێدی خۆیان کردەوە ئەمەش وایکرد گەشەی شارنشینی کەمتر بێتەوە، بەڵام لەساڵی ١٩٩٢ و هەڵگیرسانی شەڕی قێزەونی ناوخۆ پارتە سیاسیەکانی هەرێم جارێکی تر ناوچەی لێکۆڵینەوە گۆڕانکاری بەسەر دیموگرافیای داهات. لەئەنجامی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەکانی هەولێر و دهۆک بۆ قەزاکە بەشێوەیەک ئەوانەی تاساڵی(٢٠٠٢) گەیشتونە ناوچەی لێکۆڵینەوە نزیکەی (١٤٣٢٧) کەس بون لە قەزاکە نیشتەجێبونە. (داتای ئاوارەکان،٢٠٠٥) لەئەنجامی درێژەی سیاسەتی ڕاگواستنی کوردەکانی ناوچەی کەرکوک لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩١—٢٠٠٢) نزیکەی (٧٩١٨) کەس لەناوچەکانی کەرکوکەوە گەیشتونەتە ناوچەی لێکۆڵینەوە. (داتای مافی مرۆڤ، ٢٠٠٥) لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هۆکاری ڕامیاری کاریگەرییەکی زۆری هەبوە لەبەرزبونەوەی ڕێژەکانی گەشەی شارنشینی بەتایبەت لەماوەی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو، ئەوەی جێگەی تێڕامانە تا ئێستا ئەم هۆکارە بەردەوامی هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لەدامەزراندنی خەڵکی گوندەکان لەڕیزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ هەروەها بایەخ نەدان بەگوندەکان و کشتوکاڵکردن و دانەنانی سنور بۆ هێنانی بەروبومی دەرەکی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

### ٣-٢-٢: هۆکاری ئابوری

### ١: جۆری چالاکییە ئابورییەکان

ئەو چالاکییە ئابوریانەی کە مرۆڤ بەهۆیانەوە پێداویستییەکانی ژیانی دابین دەکات پێی دەگوترێت (پیشە) جیاوازی و جۆری دابەشبونی(پیشە)ش لەهەر کۆمەڵگایەکی ئادەمی لەلایەکەوە پەیوەستە بەبارودۆخی ژینگەی سروشتی ناوچەکەو لەلایەکی تریشەوە بەتوانا ئادەمی و پلەی پێشکەوتنی شارستانی خەڵکەکەی، وەکو ئاشکراشە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان چڕی دانیشتوان و جۆری پیشەکان، بەجۆرێک چڕی دانیشتوان پلەبەپلە هەڵدەکشێت لەپیشەی ڕاوکردن بۆ لەوەڕاندن بۆ کشتوکاڵکردن و بازرگانی و خزمەتگوزاری دواتریش پیشەسازی کە لەمەی دواییاندا چڕی دانیشتوان دەگاتە ئەوپەڕی.(سلیم،٢٠٠٥،ل١٤٤) سەبارەت بەناوچەی لێکۆڵینەوە تێبینی دەکرێت، زۆربەی سەنتەرەکانی شارنشینی بەڕێژەیەکی زۆر گەشەیان کردوە، بەڵام ئەم گەشەکردنە هاوشان نەبوە، لەگەڵ گەشەی بنەما سەرەکییەکانی ئابوری، بەتایبەت کەرتی پیشەسازی گرنگترین کارگە پیشەسازیەکانی دەڤەری لێکۆڵینەوە لەخشتەی (٧) خراوەتەڕو ئەو ڕێژە کەمەو دواکەوتوەی دەزگاو کارگەو پیشەسازییەکانی قەزای کۆیە خۆی لەنزیکەی(١٣٥) دەزگاو کارگەی جۆراوجۆر دەدات، زۆربەی هەرە زۆری ئەو دەزگاو کارگانە کەوتونەتە ناحیەی سەنتەر و نزیک بازاڕەکان زۆرترین دەزگای پیشەسازی کە لەقەزاکە بەدی دەکرێن بریتییە لە پیشەسازییە خەدەمییەکان وەک (زێڕنگر، فیتەر، وەستای چاککردنەوە) بونی ئەوجۆرە پیشەسازی کە ژمارەیان دەگاتە (٥٦) دامودەزگا نزیکەی (٤١٪) کۆی گشتی دەزگا پیشەسازییەکانی قەزاکە پێکدەهێنێت، بونی ئەو ڕێژەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جۆرە پیشەسازییە پێویستییەکی سەرەکی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەیە، بەڵام سەبارەت بەڕێژەی کرێکاران کە لەو بوارەدا کاردەکەن نزیکەی (١٦٨) کرێکار دەبێت بەڕێژەیەی (١٦،٣٪)، کەواتە کۆی گشتی ئەو کرێکارانەی لەو کەرتە خزمەت دەکەن دەگاتە (١٠٢٥)کرێکار. سەبارەت بەکەرتی خزمەتگوزاری کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر گەشەی شارنشینی ئەم چالاکیانەش لەقەزای کۆیە بەگشتی لەمەڵبەندی شارەکان کۆدەبنەوە لەتەواوی ماوەی ساڵانی (٢٠٠٠) هەردو چالاکییەکانی خزمەتگوزاری و بازرگانی نزیکەی (١٧،٥٪) کارکەران لەم دو کەرتە کاریان کردوە (داتای قایمقامیەت، ٢٠٠٦) بەردەوامی ئەم ڕێژەیە بەرزبۆتەوە بەهۆی کردنەوەی زیاتری کەرتی خزمەتگوزاری و پێویستی زیاتری بەژمارەی کارکەران لەساڵی (٢٠٠٢) و بەتەنها لەناحیەی سەنتەر (٧١٪) ژمارەی کارکەران لەم دو کەرتە کاریان کردوە. (داتای ئامار، ٢٠٢٠) بەردەوام ژمارەی کارکەران لەم دو کەرتە بەردەوام لەبەرزبونەوە دایە. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی چالاکییە ئابورییە بنەڕەتییەکانی وەکو کەرتی پیشەسازی هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە لەگەشەی شارنشینی لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا، کەچی بەپێچەوانەوە چالاکییە ئابورییە نابنەڕەتییەکان وەکو کەرتی خزمەتگوزاری ڕۆڵێکی گەورە لە گەشەو چڕبونەوەی شارنشینی لەسەنتەرەکانی شارنشینی قەزاکەدا گێڕاوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

**خشتەی ژمارە (٧)**

**کارگەی پیشەسازییەکان و ژمارەی کرێکارانی قەزای کۆیە لەساڵی (٢٠٢٠)**

| جۆری کارگەکان | ژمارەی دەزگاکان | % | ژمارەی کرێکاران | % |
|---|---|---|---|---|
| دەرهێنانی نەوت | ٢ | ١ | ٧٠ | ٦،٨ |
| جگەرە | ١ | ٠،٧ | ٥٠ | ٤،٨ |
| قیر | ٢ | ١ | ١٠٠ | ٩،٧ |
| گەچ | ٩ | ٦،٦ | ١٠٤ | ١٠ |
| بلۆک | ١٢ | ٨،٨ | ٩٦ | ٩،٣ |
| کاشی | ٥ | ٣،٧ | ٢٢ | ٢ |
| غەسالەی چەولم | ١٢ | ٨،٨ | ١٦٨ | ١٦،٣ |
| بەردی ئاسایی و موزایک | ١ | ٠،٧ | ٦٥ | ٦،٣ |
| پوختەکردنی توتن | ١ | ٠،٧ | ١٠٩ | ١٠،٦ |
| مافور | ١ | ٠.٧ | ٤٢ | ٤ |
| ڕستن و چنین | ١ | ٠،٧ | ٤٠ | ٣،٩ |
| پوختەکردنی خوری | ١ | ٠،٧ | ١٣ | ١،٢ |
| دۆشاوی تەماتە | ١ | ٠،٧ | ٢٥ | ٢،٤ |
| سەهۆڵ | ٤ | ٢،٩ | ١٧ | ١،٦ |
| دەرگاوپەنجەرەpvc | ٢٦ | ١٩ | ١٠٤ | ١٠،١٤ |
| پیشەسازی خەدەمی | ٥٦ | ٤١ | ١٦٨ | ١٦،٣ |
| کۆی گشتی | ١٣٥ | ٪١٠٠ | ١٠٢٥ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بە فەرمانگەی ئاماری کۆیە،٢٠٢٠.

## ٢: ڕێگای گواستنەوە:

ڕێگاوبانی گواستنەوە بەهۆکاریکی کەم بایەخی ئابوری دانانرێت بۆبڵاوبونەوەی دانیشتوان و دابەشبونیان، هەروەها ئاوەدانکردنەوەی هەر دەڤەرێک بە دانیشتوان بەشێوەیەکی گەورەو بەرچاو پەیوەستە بەدرێژبونەوەی ڕێگاوبان لەدەوری بڵاودەبێتەوە گەشەدەکات (الربیعی، ١٩٨٦،ص٦٣-٦٤) ڕێگای گواستنەوە یارمەتیدەرێکی گرنگی کرانەوەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

کۆمەڵایەتی و فراوانبونی پانتایی بزافی دانیشتوانەو هاندەرێکی بەهێزی سەرهەڵدانی دیاردەی کۆچی گوندنشینەکانە بۆ سەنتەرەکانی شارنشینی لەلایەک و کۆچی شارنشینەکان لەنێوان ئەو سەنتەرانە لەلایەکی تر سەرەڕای پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی شارنشینی لەکەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان، کە بۆتە هۆی گەورەبونی قەبارەی سەنتەرەکانی شارنشینی و فراوانبونیان لەسەر حسابی زەوییە کشتوکاڵییەکان و کەمکردنەوەی مەودای نێوان شوێنی نیشتەجێبون و کارکردنی دانیشتوان، بۆیە ڕێگای گواستنەوە بەو فاکتەرە شارستانی و تەکنەلۆژیە دادەنرێت کە کاریگەری لەنزیکبونەوەی مەوداکان و زۆربونی ژمارەی سەنتەرەکانی شارنشینی و گەورەبون و فراوانبونیاندا هەیە. (الحیدری، ١٩٨٨،ص ١٨٨– ١٨٩) سەبارەت بەقەزای کۆیە لەڕێگای کۆمەڵێک هێڵی گواستنەوە بەناوچەکانی دەوروبەری بەستراوەتەوە هۆکاری سەرەکی لەم بەیەک گەیشتنەش ڕێگای ئۆتۆمبیلە، بەجۆرێک شاری کۆیە بەهەریەک لەشارەکانی (هەولێر و سلێمانی و کەرکوک) دەگات بەهۆی کۆمەڵێک ڕێگای قیرتاوکراو لەوانە (کۆیە– هەولێر) درێژی (٧٠)کم، ڕێگای (کۆیە – سلێمانی) (١٣٠)کم، ڕێگای (کۆیە–کەرکوک)(٩٤)کم لەناوەوەش بەهۆی تۆڕێک ڕێگای گواستنەو کە هەندێکیان قیرتاون و هێندێکی ترشیان قیرنەکراون بەشە جیاوازەکانی قەزاکە بەیەک دەبەستێتەوە لەوانە (کۆیە – تەق) درێژی (٢٥)کم، ڕێگای (کۆیە–دێگەڵە) درێژی (٢٧)کم، ڕێگای(کۆیە – ئاشتی) (٢٢)کم. (ڕێگاوبانی هەولێر،٢٠٠٦). بەهۆی ئاسانی هاتوچۆکردن و دابینکردنی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان و ئاسانی پەیوەندیکردن، بۆیە دەبینیت ئەو سەنتەرە شارنشینانەی کەوتونەتە سەر ڕێگاکان بەگشتی و ڕێگا سەرەکییەکان بەتایبەتی، بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کردوەو قەبارەی دانیشتوانیان زیادیکردوە وەک شارۆچکەی تەقتەق کەوتۆتە سەر هێڵی سەرەکی نێوان (کۆیە – کەرکوک) و شارۆچکەی دێگەڵە لەسەر ڕێگای سەرەکی نێوان (کۆیە – هەولێر) و شارۆچکەی (خەراپە)ش لە نزیک ڕێگای سەرەکی (کۆیە – سلێمانی)، سەنتەری قەزاکەش (شاری کۆیە) بەخاڵی بەیەک گەیشتنی زۆربەی زۆری ئەم هێڵانە دادەنرێت، ئەمەش بایەخی لەگشت بوارەکان زیاتر کردوە.

### ٣-٢-٣: هۆکاری کارگێڕی:

پلەی کارگێڕی دەوری هەیە لەسەر زیادبونی گەشەی دانیشتوان تا پلەی کارگێڕی گەورەتر بێت دانیشتوان زیاتر بۆخۆی کێش دەکات. هەمو وڵاتێکی جیهان پەیکەرێکی کارگێڕی تایبەت بەخۆی هەیە. لەوڵاتی ئێمەش یەکە کارگێڕییەکان لە بچوکترەوە کە (ناحیە)یە دەستپێدەکات و دوای ئەویش(قەزا)و ئینجا (پارێزگا) و دواتریش (پایتەخت) ئەم ڕیزبەندیەش کاریگەری لەپشکی هەریەکەیەکی کارگێڕی لەدامودەزگا حکومی و کارگێڕی و خزمەتگوزارییەکان هەیە ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازی لەکۆبونەوەو چڕی دانیشتوان. (کریم،٢٠١٥،ل١٠٦). پایتەخت کە گەورەترین دەسەڵاتی کارگێڕی هەیە لەوڵاتدا کاریگەری لەسەر ڕاکێشانی گشت دانیشوانی وڵاتدا



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

هەیە، كۆبونەوەی دامودەزگا حكومی و كارگێڕی و خزمەتگوزارییەكان شێوەیەكی پلەداریان وەرگرتوە بەجۆرێك پایتەخت پلەی یەكەمی وەرگرتوە لەوەی كە زۆرترین دام و دەزگا حكومی و كارگێڕی و خزمەتگوزارییەكانی تێدا كۆبۆتەوە. (شارەدێ) لەپلەی كۆتایی دایە لەگوندەكانیش ئەم دامودەزگایانە بونیان نییە. جیاوازی ئەم گرنگی دانەش دواجار ڕەنگدانەوەی لەسەر هێزی كێشكردنی دانیشتوان دەبێت، بەجۆرێك دانیشتوان ئارەزوی نیشتەجێبون لەم ناوچانە دەكەن كە زۆرترین دامودەزگای حكومی و كارگێڕی و خزمەتگوزاری تێدا كۆبۆتەوە. (ئەحمەد،٢٠١١،ل٢٠٠). لەناوچەی لێكۆڵینەوە بەو پێیەی سەنتەری كارگێڕی قەزای كۆیەیە زۆربەی زۆری دامودەزگا حكومی و كارگێڕی و خزمەتگوزارییەكان و چالاكییە بازرگانی و ئابورییەكانی تێدا كۆبۆتەوە. بەشێوەیەك تاوەكو پلەی كارگێڕی گەورەتر بوە ئەو ڕوبەرو ژمارەی دانیشتوانی زیادیكردوە واتە گەشەی شارنشینی زیاتر بوە بەجۆرێك ئەگەر سەیری خشتەی (٨) بكەین لەسەرژمێری ساڵی(١٩٥٧) لەدو یەكەی كارگێڕی پێكهاتوە ئەوانیش (ناحیەی سەنتەر، ناحیەی تەقتەق)، كۆی ڕوبەری قەزا (١٩٨٤)كم٢ و ژمارەی دانیشتوانیش (٣٠٢٠١) بەڵام ئەوەی تێبینی دەكرێت لەسەر ژمێری ساڵی (١٩٧٧) دوای ئەوەی ژمارەی یەكە كارگێڕییەكانی قەزاكە زیاتر دەبێت كە خۆی دەبینێتەوە لە سێ یەكە (ناحیەی سەنتەر، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی شۆڕش) بەو هۆیە ڕوبەری دەگاتە (٢٠٦٤)كم٢ و ژمارەی دانیشتوانیش دەگاتە (٤٨١٤٧) كەس، بەڵام لەسەرژمێری (١٩٨٧) پلەی كارگێڕی ناوچەی لێكۆڵینەوە بچوك دەبێتەوە تەنها (ناحیەی سەنتەر) دەمێنێتەوە بەو هۆیە ڕوبەرەكەی بچوك دەبێتەوە دەگاتە (١٩٩٤)كم٢ ژمارەی دانیشتوانیشی دەگاتە (٤٠٧٤٧) كەس، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠) پلەی كارگێڕی ناوچەی لێكۆڵینەوە زۆر بەرز دەبێتەوە بەم هۆیەش یەكە كارگێڕییەكانی زیاددەكات دەبێتە (٦) یەكەی كارگێڕی (ناحیەی سەنتەر، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی ئاشتی، ناحیەی سكتان، ناحیەی شۆڕش، ناحیەی سێگردكان) ڕوبەری قەزا دەبێتە (٢٠٦٩)كم٢ و ژمارەی دانیشتوان دەبێتە (١٤٨٨٥٢) كەس ئەمەش وای كرد ژمارەیەكی زۆری دامودەزگاكانی تێدا كۆببێتەوە چ حكومی بێت یان ناحكومی، هەمو ئەمانەش هۆكاربون بۆڕاكێشانی دانیشتوان بۆ سەنتەری شارەكان و زۆربونی شارنشینی. لەمەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە كە پلەی كارگێڕی گرنگی وەك هۆكارەكانی تر كەمتر نییە بۆ زۆربونی شارنشینی.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

**نەخشەی ژمارە (٨)**

**یەکەو ڕوبەرو ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەنێوان ساڵانی (١٩٥٧ – ٢٠٢٠)**

| ساڵ | ژمارەی یەکە کارگێڕییەکان | ڕوبەر / کم٢ | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٢ | ١٩٨٤ | ٣٠٢٠١ |
| ١٩٧٧ | ٣ | ٢٠٦٤ | ٤٨١٤٧ |
| ١٩٨٧ | ١ | ١٩٩٤ | ٤٠٧٤٧ |
| ٢٠٢٠ | ٦ | ٢٠٦٩ | ١٤٨٨٥٢ |

سەرچاوە:

١. المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مدير النفوس العام، احصاء السكان لسنة (١٩٤٧)، مطبعة الحكومية، بغداد، ١٩٤٧، الجدول الثاني، ص ٢٤٦.

٢. جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات لسكانية، نتائج ترقيم المباني وحضر السكان، لسنة ١٩٧٧، المحافظة اربيل.

٣. جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات لسكانية، نتائج ترقيم المباني وحضر السكان، لسنة ١٩٨٧، المحافظة اربيل.

٤. وزارة التخطيط، الهيئة العليا للتعداد العام السكان والمساكن،جدول(٢) خلاصة تحديث حصر المباني والاسر على مستوى قضاء، ٢٠١٠.

٥. کاری توێژەری پشت بەست بەبەکارهێنانی بەرنامەی(Grc Gis)و شارەوانی کۆیە (وێنەی ئاسمانی شاری کۆیە)، ٢٠١٠.

٦. وەزارەتی پلان دانان، فەرمانگەی ئاماری کۆیە، ٢٠٢٠

## ٣-٢-٤/ هۆکاری کۆمەڵایەتی :

هۆکاری کۆمەڵایەتی وەک هەر هۆکارێکی تری مرۆیی ڕۆڵ و کاریگەری تایبەتی هەیە لە ڕەوتی گەشەکردنی شارنشینیدا، بەجۆرێک ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتیەی لەسەنتەرەکانی شارنشینیدا هەیە هۆکاری گرنگی شارنشینیە، چونکە بەبەراورد لەگەڵ ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی لەئاستی گوندەکاندا هەیە کە خۆی لەزوڵم و زۆری دەسەڵاتی ئاغا و دەرەبەگ و دەست و پەیوەندەکانیان دەبینێتەوە لەسەنتەرەکانی شارنشینیدا نییە. (الحیدری،١٩٨٨،ص١٨٥-١٨٦) ئەمە لەگەڵ ئەوەی ژیانی شارنشینەکان لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە ئاسودەیەو تاکو ئەندازەیەک خزمەتگوزارییەکانی وەک (تەندروستی، ئاو کارەباو بازارو شوێنی حەسانەوەو ڕابواردن)یان بۆ دەستەبەر کراوە، ئەمە سەرباری خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بەخوێندن و ڕۆشنبیری وەکو سەنتەرەکانی ڕۆشنبیری و قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگا و کتێبخانەی گشتی.(صالح واخرون، ١٩٩٠،ص٥٢٤ – ٥٢٥). ناوچەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ژێر چەند هۆکارێکی تری کۆمەڵایەتی کەوا دەوریان هەبوە لەزیادبونی شارنشینی لەقەزاکەدا. لەناوچەی لێکۆڵینەوەشدا ژمارەیەک بنەماڵەو هۆز هەیە کە کاریگەری هەبوە لە سەر زیادبونی شارنشینی لەوانە (حەوێزیان، غەفورییان، سالحی، جەلیزادە، تاڵەبانی، چەلەبی، بێتوشی، دەباغەکان، شێخانی، هتد). (شارەزاو ئەوانی تر، ٢٠٠٩،لا ١٥٠ – ٢٠٠) ژمارەیەک هۆزیش لەگوندەکانەوە هاتون یاخود دەرەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە دەوریان هەبوە لەزیادبونی گەشەی شارنشینی لەوانە (ئاغا سوری)(بێ سۆن، ٢٠٠٧،ل١٠٤). (خۆشناو، بلباس، گەردی، مەنتک، پاڵانی، مەنمی، کافرۆشی، دەربەندی....هتد).(حوێزی، ١٩٨٤،لا٨٥– ٨٧). ناکرێت باس لەهۆکاری کۆمەڵایەتی بکرێت خراپی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و جەورو سیستەمی دەرەبەگەکان باس نەکرێت لەگوندەکان بەڵام ئەمە لەشارەکان بونی نەبوە ژمارەیەک لەگوندنشینان بۆ ڕزگاربون لەدەسەڵاتی ئاغاو دەربەگەکان ڕویان لەسەنتەرەکانی شارنشینی کردوە بەتایبەت لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردو ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە بەشێک لەگوندنشینان دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی بەهۆی ئاشنابونیان بەژیانی شارو تێکەڵبونیان بەکۆمەڵگەی شارنشینی و فێربونی هەندێک پیشەی وەکو (شوفێری و فیتەری و دارتاشی) لەماوەی سەربازی لەسەربازگەکان نەگەڕانەتەوە زێدی خۆیان. (رسول،٢٠٠٥،ص٣١٢، ٣٢١). ناوچەی لێکۆڵینەوەش بەدەرنییە لەم دیاردەیە چونکە زۆربەی زۆری گوندەکان لەژێر دەستی ئاغاکان بونە لەڕابردو، لەڕوی خزمەتگوزاریشەوە شارنشینەکان تاکو ئەندازەیەک ژیان بەئاسودەیی بەسەر دەبەن، حکومەت بەردەوام لەهەوڵی دابینکردنی باشترین خزمەتگوزارییە بۆیان، بەشێوەیەک ساڵانە بودجەیەکی زۆر بۆ بوارەکانی ئاو کارەباو پەروەردە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی هەرچی زۆرتری ئاستی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان دەکات ساڵانە چەندین یەکەی خزمەتگوزاری دەکاتەوە زۆربەی ئەمانەش دەکەوێتە سەنتەری شار نشینەکانەوە، بەشێوەیەک تەنها لەناحیەی سەنتەر (شاری کۆیە) سەبارەت بەخزمەتگوزاری تەندروستی لەساڵی (١٩٧٧) تەنها (٣) دانە دامودەزگای تەندروستی لێبوە، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠) لەگشت سەنتەرە شارستانیەکانی قەزای کۆیە بەهەر شەش یەکە کارگێرییەکە ژمارەی دامودەزگا تەندروستییەکان زۆر زیادیکردوە گەیشتۆتە (١٤) دام ودەزگای تەندروستی (ئاماری نەخۆشخانە). هەروەها خزمەتگوزارییەکانی خوێندن و پەروەردە لەساڵی ١٩٧٧(٢٠) دانە بوە تەنها لە سەنتەری قەزا، بەڵام لەساڵی (٢٠٢٠)خزمەتگوزارییەکانی پەروەردەو خویندن گەیشتۆتە (١٣٠) دانە کە خۆی دەبینێتەوە لەباخچەی ساوایان و تاکو خوێندنگای ئامادەیی، ژمارەی پەیمانگاکان گەیشتۆتە (٦) پەیمانگاو (١) زانکۆ (ئاماری کۆیە،٢٠٢٠). بونی ئەم خزمەتگوزارییە پەروەردەییانە جیاوازی ژینگەی کۆمەڵایەتی و خوێندن و ڕۆشنبیری لەنێوان شارو گوند لەلایەک و لەنێوان سەنتەری شارنشینی لەلایەکی تر دروست دەکەن ئەمەش وادەکات سەنتەرەکانی شارنشینی قەزاکە ساڵانە گەشە بکەن. لێرەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە کاریگەری فاکتەری کۆمەڵایەتی، هیچی کەمتر نییە لەفاکتەرەکانی تری مرۆیی لەبرەودان بەگەشەکردن و گەورە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

بونی سەنتەرەکانی شارنشینی هەروەک کاریگەریشی هەیە لەسنوردارکردن و گەورەنەبونی هەندێک لەسەنتەرەکانی تر بە تایبەتی سەنتەرە قەبارە بچوکەکان کاتێک خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتی بەپێی پێویست نەبن.

## ئەنجامەکان:

لەلێکۆڵینەوەکەماندا زیادبونی شارنشینی لەقەزای کۆیە لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧ – ٢٠٢٠) بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

١. شارنشینی و زیادبونی شارنشینی بەیەکێک لەدیاردەکانی سەردەم دادەنرێت کە ڕوبەری نشینگەکان بۆتەوە ناکرێت ڕێگری لێبکرێت لەهەندێ شوێن ئاساییە، بەڵام لەوڵاتە تازە پێگەیشتوەکان چەندان کێشەی لەگەڵ خۆی هاوپێچ دەکات وەک (پیسبونی ژینگە، کێشەی کۆمەڵایەتی، لەناوبردنی زەوی کشتوکاڵ، ....هتد) ناوچەی لێکۆڵینەوەش بەدەرنییە لەم کێشانە.

٢. لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ زیادبونی شارنشینی ڕوبەرەکەشی زیادیکردوە واتە ژمارەی یەکە ئیدارییەکان زیاتر بوە بەشێوەیەک ڕوبەری لەساڵی (١٩٥٧) تەنها (١٩٨٤)کم٢ بو ژمارەی یەکە کارگێڕییەکان دو یەکەی کارگێڕی بوە، بەڵام بەردەوام بوە ئەم زیادبونە تاساڵی (٢٠٢٠) ڕوبەری گەیشتۆتە (٢٠٦٩)کم٢ و ژمارەی یەکە کارگێڕییەکان بۆ (٦) یەکەی کارگێڕی زیاد بوە ئەوانیش (ناحیەی سەنتەر، ناحیەی تەقتەق، ناحیەی ئاشتی، ناحیەی شۆڕش، ناحیەی سکتان، ناحیەی سێگردکان).

٣. لەگەڵ زیادبونی شارنشینی ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەی دانیشتوانی قەزاکەو سەنتەری شارەکان زیادبوە لەگەڵ ڕێژەو گەشەی شارنشینی بەشێوەیەک لەساڵی (١٩٥٧) ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە (٣٦١٤٧) کەس بوەو ژمارەی شارنشینی (٨٩٣٢) کەس بوە ڕێژەی شارنشینی(٢٤،٧٪)و گەشەکەی(١،٢٪) بەڵام بەردەوام بەرەو زیاتر ڕۆیشتوە بەجۆرێک لەساڵی (٢٠٢٠) ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە گەیشتۆتە (١٤٨٨٥٢) کەس و ژمارەی شارنشینی (١٢٢٤٠٩) کەس بوە ڕێژەی شارنشینی(٨٢،٢٪) و گەشەکەی(٣،٩٪).

٤. هەردو هۆکارەکانی سروشتی و مرۆیی کاریگەرییەکی بەهێزیان هەبوە لەسەر زیادبونی شارنشینی قەزاکە، هۆکاری سروشتی وەک (ئاوهەوا، تۆبۆگرافیا، سەرچاوەی ئاو) بەڵام هۆکاری مرۆیی وەک (ڕامیاری، ئابوری، کارگێڕی، کۆمەڵایەتی)، بەتایبەت هۆکاری ئاووهەوا لەسروشتی و هۆکاری ڕامیاری لە مرۆیی پلە بەندی یەکەمیان وەرگرتوە لەسەر زیادبونی شارنشینی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

## ڕاسپاردەکان:

لەبەر ڕۆشنایی یاساکانی پێشو، لێکۆڵینەوەکە دەتوانێ ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە بەرچاو بخات:

١. پێویستە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان سیاسەتێکی ڕون و ئاشکرایان لەبارەی دانیشتوانەوە هەبێت. هەوڵبدرێت پلانێکی هەمەلایەنە بۆ ڕێکخستنی وەچە (تنظیم النسل) دابڕێژرێت، ئەمەش لەسەر هەردو ئاستی هۆشیارکردنەوەی دانیشتوان بەلایەنە نێگەتیڤەکانی نارێکی خستنەوەی وەچە، هەروەها کەمکردنەوەی ئەو هاندەرو ئاسانکارییانەی کە حکومەت بۆ خستنەوەی وەچە دەیدات.

٢. هەوڵ بدرێت ڕێگە لەلێشاوی هەرەمەکی و کۆچی گوندنشینان بۆ سەنتەرەکانی شارنشینی بگرێت ئەوانەشی کۆچیان کردوە بگەڕێندرێنەوە زێدی خۆیان حکومەتیش پێویستە بایەخ بە پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بدات، بەفەراهەمکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی وەکو (ئاو، کارەبا، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی، هتد..) بۆیان و کەمکردنەوەی جیاوازی شارو گوند لەهەمان کاتیشدا کەرتی تایبەت هان بدرێت سەرمایەکانیان لەگوندەکان بکەن لەبواری وەبەرهێنان. بەمەبەستی کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاری و بوژاندنەوەی ئابوری گوندەکان خەرجبکەن.

٣. دروستکردنی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەمپین و چالاکی دژ بەزیادبونی بێ سەرو بەری شارەکان.

٤. دامەزراندنی هەندێ پیشەسازی کە پشت بەکەرەستەی خاوی کشتوکاڵ دەبەستێت لەگوندەکان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# Geographical Analysis of Increasing Urban Population in Koya District from (1957-2020)

**Rozhan Kamaran Kareem**
Department of Geography, Faculty of Education, University of Koya, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Rozhan.Kamaran@koyauniversty.org

**Kameran Taher Saed**
Department of Geography, Faculty of Education, University of Koya, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** kameran.taher@koyauniversty.org

**Abstract:**

The population of the world has been increasing year by year and it is growing rapidly in the cities and towns too، especially in the third world.There are some factors for that phenomenon, It is regarded as a new feature of modern civilization. This has an impact on the cities and towns both negatively and positively. The research zone like one town is subject to this phenomenon can be geld easily from its building up to now. In away, the study zone is broken down in to six administrative units which are (The central sub-district, Taq Taq, sub-district, shorsh, sub-district, Ashty, sub-district, sub-district, Siktan, sub-district, and Segirtkan, sub-district) the number its population reacher (148852)and the ratio of urban growth reachs (%5.1)and its area is (2069)km .It seems that this growth increases in the future and leaves its concequences .The current study consists three secfions:the first section introduces the region and concept .It the second section, the growth of the population in the research zone has been explained generally .In the third seotion, urbanization feature whiche are (natural factor and humanity) has been taekled.

**Key words**: City, Urban, Growth of Urban, village, Ruralization.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13**

## سەرچاوەکان:

ئەحمەد، پشتیوان حسن، شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ دابەشبونی دانیشتوان لە شارۆچكەی ڕانیە (١٩٥٧ – ٢٠٠٦) بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی چاپخانەی حاجی هاشم،٢٠٠٧.

بكر، بنار عبدالخالق، دەرامەتە سروشتییەكانی قەزای كۆیە (گرفت و چارەسەر)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٠.

حەوێزی، تاهیر ئەحمەد، مێژوی كۆیە، بەرگی یەكەم، چاپخانەی ئەمیر، بغداد ١٩٦٢.

سۆن، مێجەر ئی بی، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەكانی كوردستانی خوارو، و: نەجاتی عبدوڵڵا، سلێمانی،٢٠٠٧.

شارەزا، كەریم و ئەوانی تر، كۆیە لە ڕەوتی شارستانیدا (نوسین و لێكۆڵینەوە، بەدواداچون) چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی یەكەم، هەولێر،٢٠٠٩.

مینە، ئەمین قادر، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێكوچكەی بەعسیان، (تەرحیل و تعریب و تەبعیس)، بڵاوكراوەكانی سەنتەری ستراتیجی كوردستان، سلێمانی،١٩٩٩.

ۆوچ، میدل ئیست، جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد، و: سیامەندی مفتی زادە، چاپخانەی خاك، سلێمانی،١٩٩٩.

نەقشبەندی، ئازاد محمد ئەمین، پرۆژەی گاپ (GAP)و كاریگەری لەسەر دەوڵەتەكانی ناوچەكەو كوردستان، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.٢٠١٣.

غفور، عبدالله، جوگرافیای كوردستان، چاپی دەزگای سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٠.

زێباری، تاهیر حەسۆ، ئامارەكانی شارنشینی لەدهۆك، سەنتەری برایەتی، ژ(١٦) چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هەولێر،٢٠٠٠.

محمد، خلیل اسماعیل، شارو كەنارەكانی شار (لێكۆڵینەوە لەچەمك و زاراوەكان) گۆڤاری مەدەنیەت، ژ (٤) سلێمانی،١٩٩٩.

محمد، خلیل اسماعیل، گۆڕینی نەخشەی ئیداری پارێزگای هەولێر لەماوەی نیو سەدەدا، گۆڤاری هەولێر، ژمارە (٣)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

سلیم، هیوا صادق، شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ دابەشبونی دانیشتوان لەقەزای كۆیە (١٩٥٧ – ٢٠٠٢) نامەی ماستەر پێشكەشی بەشی جوگرافیای زانكۆی سەلاحەدین كراوە، هەولێر،٢٠٠٥.

كریم، ڕۆژان كامەران، فراوانبونی شاری كۆیە و كاریگەری لەسەر ڕوبەری زەوی كشتوكاڵ (لێكۆڵینەوە لەجوگرافیای شار)، نامەی ماستەر پێشكەشی بەشی جوگرافیای زانكۆی كۆیە كراوە، كۆیە، ٢٠١٥.

وەزارەتی پلاندانان، فەرمانگەی ئاماری كۆیە، گەمارۆسازی و ژمارەی لێدانی ساڵان (٢٠٠٧، ٢٠٠٩، ٢٠١٩، ٢٠20) 2020.

وەزارەتی پلاندانان، فەرمانگەی ئاماری كۆیە، خشتەی پرۆژە خزمەتگوزارییەكانی گەڕەكەكانی كۆیە،٢٠١٣.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13

وەزارەتی شارەوانی، سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە، بەشی ئەندازیاری ٢٠٢٠.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان و بەدواداچون بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر ساڵی ٢٠٠٢.

سەرژمێری ڕێکخراوی فاو لەپارێزگای هەولێر ٢٠٠١.

وەزارەتی کشتوکاڵ، فەرمانگەی کشتوکاڵی کۆیە، بەشی کەشناسی،٢٠١٢.

وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، فەرمانگەی کشتوکاڵی کۆیە، زانیاری لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان، ٢٠٠٣.

قائمقامیەتی قەزای کۆیە، بەشی ئامار، قەبارەی هێزی کار لەشاری کۆیە ٢٠٠١.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر بەشی تەکنیک، خشتەی درێژی ڕێگاوبانەکانی هەولێر، ٢٠٠٣.

الاسود، صادق، علم الاجتماع السياسي، اسسة وابعادة، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر،جامعة موصل، الموصل،١٩٨٦.

حمدان، جمال، جغرافية المدن، مطبعة عالم الكتب، القاهرة.

القباني، هبة فاروق، المدينة (التعريف والمفهوم والخصائص) دراسة التجمعات في سورية، كلية الهندسة المعمارية، جامعة دمشق،٢٠٠٧.

عبدالنعيم، محمد، الحضارة والتحضر، مغميرت، القاهرة،١٩٧٠.

محمد، خليل اسماعيل، اقليم كوردستان العراق، ط٣، أربيل، ١٩٩٩.

هروري، نشوان شكري، النظام الحضري في محافظة دهوك، دار سيريز للطباعة والنشر، ط١، دهوك، ٢٠٠٩.

الخفاف، عبد علي حسين، وأخرون، جغرافيه المدن، مطبعة جامعة بصرة،١٩٨٦.

الهيتي، صبري فارس، (جغرافية المدن، دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة موصل، موصل،٢٠٠٠.

لبيب، علي،جغرافية السكان، ط٢، الدار العربية للعلوم، مطابع الدار العربية للعلوم، بيروت،٢٠٠٤.

خلف، جاسم محمد، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والبشرية، ط٣، معهد الدراسات العربية العالمية، مطبعة البيان العربي، القاهرة،١٩٦١.

الربيعي، نورالدين عبدالله، الآفاق التخطيطة لانماط النقل والمواصلات، مطبعة دار الشؤون للثقافة العامة، طبعة الاولى، بغداد،١٩٨٦.

الحيدري، عبدالباقي عبدالجبار امين،علم الاجتماع الحضري، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٨٦.

صالح، مالك ابراهيم واخرون، التخطيط الحضري والمشكيلات الانسانية، مطبعة دار الحكمة، الموصل،١٩٩٠.

رسول، اسماعيل شكر، اربيل – دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي (١٩٣٩ – ١٩٥٨)، ط٢، منشورات المركز، الثقافي (بنكەی شەهيد ڕێباز) السليمانية، ٢٠٠٥.




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13**

سعيد، كامران طاهر، التريف الحضرى (مدينة السليمانية نموذجا)، گۆڤارى زانكۆى كۆيه، (٢٠١٤)، كۆيه.

هرورى، نشوان شكرى، عوامل الجغرافية الطبيعية لنشاة وتوزيع المدنى في اقليم كوردستان العراق، مجلة دهوك، رئاسة بلدية دهوك العدد (٨)، دهوك،١٩٩٩.

محمد،خليل اسماعيل، اتجاهات النمو الحضرى في محافظات منطقة الحكم الذاتي، مجلة الجمعية الجغرافية العراقية، المجلد الرابع العشر، مطبعة العاني، بغداد،١٩٨٤.

الجواهى، محمد سالم، النمو الحضرى في ساحل حضرموت (بين الشعر والحلة)، اطروحة دكتورا، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٨.

الجبورى، صفاقس قاسم هادى، التوسع الحضرى واثره في الاراضى الزراعية في قضاء كاظمية، رسالة ماجستر، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٩.

المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية، مدير النفوس العام، احصاء السكان لسنة (١٩٥٧)، مطبعة الحكومية بغداد، ١٩٥٧، الجدول الثانى، بغداد، ١٩٥٧.

جمهورية العراق وزارة التخطيط، الجهاز المركزى للاحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات لسكانية، نتائج ترقيم المبانى وحضر السكان، لسنة ١٩٧٧، المحافظة اربيل.

جمهورية العراق وزارة التخطيط،الجهاز المركزى للاحصاء، هيئة التعداد العام والدراسات لسكانية، نتائج ترقيم المبانى وحضر السكان، لسنة ١٩٨٧، المحافظة اربيل.

وزارة التخطيط، الهيئة العليا للتعداد العام السكان والمساكن، جدول(٢)خلاصة تحديث حصر المبانى والاسر على مستوى قضاء.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper13**